# کەسێک هەر دێ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

یۆن فۆسە

# کەسێک هەر دێ

**شانۆنامە**

وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە

هاودەم ساڵح جاف



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: کەسێک هەر دێ – شانۆنامە
نووسینی: یۆن فۆسە
وەرگێڕانی لە نەرویجییەوە: هاودەم ساڵح جاف
پێشەکی: دانا ڕەئوف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٨٨
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧٣ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# شانۆنامەی

# ''کەسێک هەر دێ'' یۆن فۆسە و شانۆی مۆدێرنی ئەورووپی

دانا ڕەئوف

یۆن فۆسە لە ساڵی ١٩٩٤ دا، لەسەر شانۆی نەتەوایەتیی بێرگن و بۆ یەکەمجار بە شانۆنامەی (وە هەرگیز ئێمە لەیەکتر جیانابینەوە) دەردەکەوێ. ئەم دەرکەوتنە سەرەتای تەرزێکی تازە و مۆرکێکی تایبەتمەند دەبێ لە شانۆی نەروێژی و دواتریش لە تێکڕای شانۆی ئەورووپی و بەشێکی زۆری بزووتنەوەی شانۆی جیهانیدا. ئەم گەنجە نەروێژییە زەمینەیەکی لەبار و فراوان دەبەخشێتە شانۆی جیهانی، نەوەیەکی نوێی ڕێژیسۆرە ئەورووپاییەکانیش، لە شانۆنامەکانی یۆن فۆسەدا ڕێگایەکی تر، فۆرمێکی جیاواز، ستایلێکی تری هونەری نواندن و شێوازێکی تری کارکردنیان دۆزیوەتەوە، لەهەمانکاتدا یۆن فۆسە بە شانۆنامەکانی دەتوانێت ئامادەگیی خۆی لە پرۆسێسی گۆڕانکاری و نوێکردنەوە و بەرەوپێشەوەبردنی دراما و شانۆی مۆدێرنی ئەورووپیدا بسەپێنێ.

یۆن فۆسە لەم جیهانە نوێیەدا هەناسەیەکی بێکێتی، چارەنووسی ئادەمیزاد و پرسیارەکانی تری بوون و نەبوون، چەمکەکانی مەرگ و ژیان و دوودڵی، دەبنە هاوکێشەی شێوازێکی نوێی شانۆیی.

یۆن فۆسە لە باکووری ئەورووپاوە، لە وڵاتی نەروێژی



ئەسکەندەنافیاوە، برەو بە پەیامە شانۆییەکەی هێنریک ئیبسن دەدا. ئەم شانۆنامەنووسە دیاردەیەکی زۆر جیاوازە لە شانۆی ئەورووپیدا، هەرچەندە بە درێژکراوەیەکی لۆژیکی هینریک ئیبسن ناوزەدکراوە، بەڵام هیچ سیمایەکی ئیبسنیی پێوە دیارنییە، یۆن فۆسە لەیەک کاتدا مۆدێرنە و ناشکەوێتە خانەی هیچ زەمەن و کاتێکەوە، بەڵکو ئەم نووسەرە خاوەنی زەمەنی خۆیەتی و زیاتر لەگەڵ مۆریس مایترلینگ بەراوردی دەکەن.

لەم قۆناخەدا بە لێشاو شانۆنامەکانی یۆن فۆسە لەسەر زوربەی شانۆی وڵاتانی ئەورووپا پێشکەش دەکرێن، ئەڵمانیا وەک مەڵبەندێکی هەمیشەیی و گرنگی شانۆی ئەورووپی، بەر لە وڵاتانی تری ئەورووپا، درک بە گرنگیی ئەو هەناسە نوێیە، ئەو تەکنیکە جیاواز و دیدە شانۆییەی یۆن فۆسە دەکا. شانۆ گرنگەکانی بەرلین، بۆن، هانۆڤەر، هامبۆرگ، فرانکفۆرت و زوربەی شارە گەورەکانی تری ئەڵمانیا، بە پەرۆشەوە یەک لەدوای یەک شانۆنامەکانی یۆن فۆسە نەمایش دەکەن.

## یۆن فۆسە کێیە؟

یۆن فۆسە بەرلەوەی شانۆنامەنووس بێت شاعیرە و کۆمەڵێک ڕۆمانی گرنگیشی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام شانۆ، ناوبانگە جیهانییەکەی بۆ بەدەست دەهێنێ. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٥٩ دا لە شاری هێگستوند لە وڵاتی نەرویژ لەدایک بووە. سەرەتای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢ و زۆر فرە بەرهەمیشە: شیعر، لیریک، ڕۆمان، کورتە چیرۆک، ووتار، ئەدەبی منداڵان و شانۆنامەی نووسیوە. یۆن فۆسە بە یەکێک لە گرنگترین دەنگەکانی ئەمڕۆی ئەدەبی هاوچەرخ و مۆدێرنی نەرویژی دادەنرێ. تا

ئێستا زیاتر لە چل بەرهەمی جۆراوجۆری بڵاوکراونەتەوە و بەرهەمەکانیشی، بەتایبەتی شانۆنامە، وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە سی زمانی جیهانی. ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە داوودەزگا کولتووری و هونەرییەکانی نەرویژ گرنگییەکی زۆر بەم نووسەرە دەدەن، بەرهەمەکانی لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بڵاودەکەنەوە، دەستگیرۆیی دەزگا بیانییەکان دەکەن لەوەرگێڕانی بەرهەمەکانیدا، سیمینار و زنجیرەی لێکۆڵینەوەی بۆ ساز دەکەن و هانی لێکۆڵەرەوە پسپۆڕەکان دەدەن کە بەرهەمەکانی شی بکەنەوە. هەروەها ئەم نووسەرە چەندین پاداشتی ئەدەبی و هونەریی گرنگی وەرگرتووە، لەوانە پاداشتی ئیبسن، پاداشتی شانۆنووسانی باکوری ئەوروپا، پاداشتی کولتووری سکەندەنافیا .... هتد.

## گومان لە شانۆ .... بروا بە شانۆ

یۆن فۆسە گومانێکی گەورەی لەتوانای شانۆ هەبووە و شانۆ هەرگیز ئەو هێزە نەبووە کە بتوانێ گوزارشت لە شتەکان بکا، ئامرازەکانی شانۆش بێ توانا و قێزەون بوون. یەکەم وێستگە و سەرەتاکانی نووسینیش لە دەروازەکانی شیعر و لیریکەوە دەست پێ دەکا: شیعر، گەمەی وشە و بنیاتنانی خەون و خانووبەرە گەورەکانی فانتازیاکانمان لە وێنە شیعرییەکانەوە، لە وزە و ئەفسوونی وشەوە دەست پێ دەکا. یۆن فۆسە دواتر لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێ:(من شانۆنامەنووسم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەمە بەهیچ شێوەیەک حەز و ئاواتی من نەبووە. بە پێچەوانەوە، من حەزم لە شانۆ نەبووە و لەچەند بۆنەیەکیشدا، بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنەکاندا، دووپاتی ئەوەم کردووەتەوە کە من ڕقم لەشانۆ دەبێتەوە، بەتایبەتیش شانۆی



نەرویژی.)

شانۆ لەلای ئەم نووسەرە بریتی بووە لە کردەیەکی بێهوودە و حەزێکی بێ هیوا، شانۆ نەیتوانیوە بۆشاییەکانی دەروون و دیدی ئەم نووسەرە پڕبکاتەوە و هەمیشە زۆر بە بڕواوە پشتی کردووەتە هونەری شانۆ. ئەوەی جێگای سەرنج و ڕامانیشە ئەوەیە کە هونەری نواندن لەلای یۆن فۆسە هونەرێک بووە کە جێگای هیچ بڕوایەک نەبووە، هونەری نواندن زیاتر وەک کردەیەکی لاساییئامێز و پاشکۆیەکی کۆیلە تەماشاکراوە، ئەکتەر شایانی ئەو بڕوایە نەبووە تا بتوانێت لەسەر شانۆ، کە لە بنەڕەتدا هونەرێکی ناهەموارە، ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێ. بەم شێوەیە هونەری شانۆ و نواندن هیچ بەها و سەربەخۆییەکی تایبەتی لەلای یۆن فۆسە نەبووە و ئەم تێڕوانین و بۆچوونەش شتێکی دەگمەن نییە لە مێژووی ئەدەب و شانۆی جیهانیدا. ئەفلاتوون یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە لە سەرەتاکانی شارستانییەتی گرێک و شانۆی ئەوروپییەوە، بە چاوی گومان و دیدێکی ناهەموارەوە ئاماژەی بۆ شانۆ و هونەری نواندن کردووە. بەڵام ئەم تێڕوانینە دژوارە، ئەم بۆچوونە هەڵە و گومانە گەورەیە، هێدی هێدی دەڕەوێتەوە و دواتریش گۆڕانکاریی بەسەردا دێ. شانۆ دەبێتە گرنگترین پرۆژەکانی یۆن فۆسە و لەم بوارەدا داهێنانی گەورە بەدی دەهێنێ.

یۆن فۆسە سەبارەت بە ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی لەبواری شانۆدا دەڵێ:(هەمیشە هەوڵم داوە بە نووسینەکانم بژێوی ژیانم دابین بکەم، بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکاندا هیچ داراییەکی ئەوتۆم نەبوو پێی بژیم، لەم کاتەدا داوام لێ کرا بە چەند هەزار کرۆنێک هەندێ تێکستی

کورت بۆ شانۆیەک بنووسم. ئەمەس یەکەمجارم بوو دیالۆژیک بۆ دوو ئەکتەر بنووسم. ئەم ئەزموونە تەنانەت بۆ خۆشم بووە جێگای سەرسوڕمان و جیهانێکی تری بۆ من وەک نووسەرێک کردەوە، لەم ڕێگایەشەوە توانیم ڕووبەڕووی ئەو شتانە ببمەوە کە لەوەوبەر بەدوایاندا دەگەڕام.)

ئەو چەند کورتە دیمەنە و کاری ئەکتەر و بەرجەستەکردنی وشەکانی، بڕوایەکی تەواو لەلای ئەم نووسەرە دروست دەکا، لە ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکان نزیک دەبێتەوە. سەرلەنوێ چەند تێکستێکی تر دەنووسێت و هەر زۆر زوو وشەکانی، دیمەن و کەسایەتییەکانی دەبنە کارەکتەر و کەسانی زیندوو لەسەر شانۆکان. ئەم بارە چاوەڕواننەکراوە، ئەم هەڵوێستە نوێیە و ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە بڕوایەکی پتەو و تەواوەتی لەلای یۆن فۆسە دەخوڵقێنێ.

شانۆی نەروێژییش هەر زوو، لەسەر هەموو ئاستەکان هەست بە گرنگیی ئەم تەقەلایە دەکەن و بەپیر ئەم ئەزموونە نوێیەوە دەچن، پشتگیریی لێ دەکەن، هانی دەدەن و شانۆنامەکانی پێشکەش دەکەن. دوای ئەوە خێرا، ئەو هەنگاوە پەرە دەسێنێ و پیەسەکانی یۆن فۆسە لە دەرەوەی سنووری وڵاتی نەرویژ پێشکەش دەکرێن. هەوڵێکی سەرەتایی دەبێتە وێستگەیەکی گرنگی دامەزراندن، دامەزراندنی شێوازێکی نوێ، تەکنیکێکی جیاواز و سەرەتایەکی تر بۆ شانۆیەکی هاوچەرخی ئەورووپی.

یۆن فۆسە لە شانۆنامەکانی سەرەتای دەستپێکردنیدا، گوزارشت لەو مرۆڤانە دەکا کە خەریکی هەڵهاتن لە دنیای مرۆڤ و بە شێوەیەکی تایبەتی، لە خوێنەر و بینەرەکانی نزیک دەبێتەوە، ئەم



بابەت و نزیکبوونەوەیەش ڕەواجێکی زۆر بۆ ئەو سەرەتایە دروست دەکا. کارەکتەرەکانی بە تەواوەتی کۆنترۆڵ لەدەست دەدەن، ئەو کۆنترۆڵەی کە هەمانە، مرۆڤ بە تەواوەتی وشەکانی لەبیر دەکا. یۆن فۆسە ئەو سەرەتایە، ئەو ئەزموونە و ئەو تەقەلایەی خۆی بە هەنگاوێکی گەورە دادەنێ، هەنگاوێک لە گومانەوە بۆ باوەڕ، باوەڕ بە پەیام و بوونی شانۆ، بە وزەی ئەکتەر و بە جیهانێکی جیاوازی بەرجەستەکراو لەسەر شانۆ.

## شانۆی یۆن فۆسە

مۆرکێکی تایبەتمەند، جۆرێک لە ڕاز و نهێنی مەودای شانۆنامەکانی یۆن فۆسە لەخۆدەگرێ، جۆرە بەلانسێک لەنێوان بۆشایی و ماناکاندا. باسکردن لە شانۆی یۆن فۆسە نزیکبوونەوە و باسکردنیشە لە پرسیارە گرنگەکانی بوون و نەبوون، ژیان و مەرگ، باسکردنە لە نزیکبوونەوەی جیهانێکی تر، جیهانێک لەپشت جیهانە بینراوە تەبا و ئاشکراکەی ژیانی ڕۆژانەمانەوە. لەم پێوەدانگە نهێنییەدا مانا و مەودایەکی کۆمەڵایەتیش لەخۆدەگرێ، لەم بارودۆخەدا وێنەکانی کۆمەڵگا زۆر بە لێڵی، لە دووتوێی تەنگژە و قەیرانەکاندا دەردەکەون: جیاوازییەکان لەنێوان شار و لادێ، یان شارە دوورەدەستەکان کە بەتەواوەتی چینە گەنج و نەوە تازە پێگەیشتووەکان ماڵ و شەقام و باخچەکانیان چۆڵ کردووە و بەرەو شارە گەورەکان کۆچیان کردووە، لەم شارە دوورەدەستانەدا پیرەکان بە تەنیا ماونەتەوە و هەمیشە لە چاوەڕوانیی سەردانی نەوەکانیاندان، ون بوون، ئەو هەستەی کە لە هیچ جێگایەک هەست بە دڵنیایی و زێدی خۆت ناکەی.

لەم کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنانەدا، لەم جەنگە گلۆبالیزییەدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی چارەنووس دەبێتەوە و بەدوای خولقاندن و دروستکردنی پێناسی خۆیدا دەگەڕێ، مرۆڤ لە تەقەللایەکی گراندایە تا خۆی ناسنامەی خۆی دروست بکا.

کارەکتەرەکانی یۆن فۆسە لەم گێژاوەدا دەسووڕێنەوە، بیانەوێ یان نەیانەوێ بەدوای چارەنووسێکدا دەگەڕێن کە بۆیان نادۆزرێتەوە، ئەو گەردوونەی کە تیایدا ون بوون، ڕیگاکانی ڕزگاربوونیان بۆ نادۆزرێتەوە. هەیڵی ڕووداو و چیرۆکی شانۆنامەکانی یۆن فۆسە زۆر دیاری کراوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان لەسەر مەرزەکانی نەبوونە، هەموو ڕووداوەکان لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە و دواجاریش دەگەڕێنەوە بۆ ئەو خاڵەی کە دەستی پێ کردووە و دوورە لە بنەما تەقلیدی و کلاسیکییەکانی شانۆی ئەوروپی و ڕۆژئاواوە.

چەمکەکانی کات لەم جیهانەدا لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا پێکدادەچن و یەکەیەکی تری فەلسەفی، هونەری و جیاوازمان بۆ دەخوڵقێنن. بەشێوەیەکی بەردەوام ڕابردوو و ئاییندە لە جێگاگۆڕکێدان، بەهەمان شێوە ناوەوە و دەرەوە، هەندێ لە شانۆنامەکانی دە کارەکتەر لەخۆدەگرن، بەڵام زوربەیان هەمان کەسن و لەکاتە جیاوازەکانی ژیانیاندا و لە زەمەن و شوێنی جیاوازدا دەردەکەونەوە. هەندێک جار کارەکتەرەکان لە زەمەنی ئێستای ڕووداوەکاندان، بە فەنتازیا دەگەڕینەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو و لەهەمانکاتدا هەموو شتێکیش کە لەوانەیە لە ئاییندەدا ڕووبدا. ئەم پێکداچوونەی چەمکەکانی کاتیش بونیادی بەشێکی زۆری پیەسەکانی یۆن فۆسە پێک دهەێنێ، لەم پیکداچوونەدا مرۆڤ بەر لە هەموو شتێک ڕووبەڕووی خۆی، مەرگ و



ژیان دەبێتەوە. مەرگ وەک داینامۆیەکی گرنگی بەگەڕخستنی ژیان، دەبێتە یەکەیەکی گرنگ و بە بەهای مێتۆدەکانی ئەم نووسەرە. ئاستە جیاواز و پێکداچووەکانی کاتیش بەرجەستەی بەشێکی گەورەی چەمکەکانی مەرگ و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بەرجەستە دەکا. مرۆ دەژی، پیر دەبێ و دەمرێ. یەکێک لەدوا بەرهەمەکانی یۆن فۆسە گەڕانەوە و پێداگرتنێکی ڕاستەوخۆی چەمکەکانی مەرگە، شانۆنامەی (شێوازەکانی مەرگ) بە گەڕانی ژنێکی بەتەمەن بەدوای مێردەکەی پێشوویدا دەست پێ دەکا. ئەم ئافرەتە دەیەوێ هەواڵی خۆکوشتنی کچە تاقانەکەیان بە مێردە کۆنەکەی ڕابگەیەنێ.

شانۆنامەکە باسی کچێک دەکا کە کۆتاییی بە ژیانی خۆی هێناوە، باسی دایک و باوکی ئەو کچە دەکا کە ناتوانن بڕوا بکەن کە کچەکەیان خۆی کوشتووە و بەیەکجاری ماڵئاواییی لێ کردوون. کاتیش وەک هەموو شانۆنامەکانی تری ئەم نووسەرە، مەسەلەیەکی گرنگی بابەتی پیەسەکەیە، کچە مردووەکە خۆی هەڵدەقورتێنێتە ژیانی زیندووەکانەوە. هەروەها دایک و باوکە گەنجەکە، سەرەتای یەکترناسین و دەسپێکی ژیان، لەگەڵ دایک و باوکە بە تەمەنەکە، دوا وێستگەکانی ژیان، کات دەڕوا لە کاتێکدا ئێمە تەماشای ڕووداوەکانی نەمایشەکە دەکەین.

دایک و باوکەکە بەبێ دەنگ دانیشتوون، ڕووداوەکانی ژیانیان لەو ڕۆژەوەی کچەکەیان لەدایک دەبێت، تا ڕۆژی دابڕان و جیابوونەوەیان بەرەوپێشەوە دەچێ، لەنێوەندی ئەم ڕووداوانەشدا، تەنهاییی کچەکەیانمان بۆ دەخاتە ڕوو. کچەکەیان لە بازنەیەکی تەسکی تەنیادا دەسووڕێتەوە و توانای هیچ پەیوەندییەکی بە دەوروبەرەکەیەوە نییە.

کچەکە لەدوا چرکەکانی نەمایشەکەدا، لەدوا دیالۆژەکانیدا، لەو دنیاوە ترس دای دەگرێت و پەشیمان دەبێتەوە و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ژیان.

من دەمەوێ بگەڕێمەوە
دەمەوێ سەرلەنوێ تەنیا بم

شێوازەکانی مەرگ چەندە باسی ئەو کچە تەنیایە دەکەن کە کۆتاییی بە ژیانی خۆی هێناوە، هێندەش بەرجەستەی ژیانی گەنجییەتیی ئەو ژن و مێردە دەکا. لەپڕ هەردووکیان پیربوون و بەتەنیشت یەکترییەوە دانیشتوون: یەکێکیان قسە دەکات، ئەویتریان گوێ دەگرێت و بە پێچەوانەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕووداوەکانی بەر لە دەستپێکردنی نمایشەکە و دوای نمایشەکەش ڕوودەدەن. ئێستا و ڕابردوو، وەک دوو کاتی جیاواز دەبێتە وێنەیەکی تر و هەست و سۆز و پەیوەندییەکانمان بۆ سەقامگیر دەکا. لەم جیهانەدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی زیندوو، لەهەمانکاتیشدا کارەکتەرە مردووەکانیش دەبێتە پاسار و دەکەوێتە چەقی ڕووداوەکانەوە، کارەکتەرە مردووەکان هێندەی زیندووەکان ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەیە. ڕووداوەکانیش لەم دنیا و لەو دنیاش دەبنە بنەمایەکی گرنگی پەیسەکە و خەونەکانی، ئازارەکانی، ئەندێشەکانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بە شێوازێکی ساکار و زەمانێکی تایبەتمەندی شانۆیی بەرجەستە دەکا.

یۆن فۆسە لە شانۆنامەی (خەون بە پایزەوە) ڕاستەوخۆ پرسیارەکانی بوون و نەبوون، مەرگ و ژیان دەورووژێنێ. خەون بە پایزەوە گەشتێکی ساکار، ڕاستەوخۆ و قووڵی مرۆڤە بەنێو تونێلە ئەزەلییەکاندا، گەردوونێکی تایبەت بەخۆی دەخولقێنێ و مرۆڤیش لەو گەردوونەدا لە بزاڤێکی بازنەییی بەردەوامی خولانەوەی ژیاندایە.



لەنێو ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەیەدا مرۆڤ لەنێوان مەرگ و ژیاندا لە کێشەیەکی ئەبەدیدایە، مەرگ بە هەموو ماناکانییەوە دەبێتە حاڵەتێکی هەستپێکراو، بینراو و چەمکێکی زیندوو. بەهەمان شێوە ژیانیش، بە هەموو لایەنە ئاشکرا و شاراوەکانییەوە دەبێتە زەنگێکی تایبەت بە خود و هەستپێکراو، بینراو و چەمکێکی زیندوو. نەک هەر ئەوە بەڵکو مەرگ و ژیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدان، لە گفتوگۆیەکی فیکری و مرۆڤایەتیدان، بە چەشنێ کە هەموو وێستگەکانی ژیان، هێدی هێدی لە پەراوێزی مەرگدا هەڵوێستە وەردەگرن.

**باوک:** بیربکەرەوە گەر ئێمە تا هەتایە بژیاینایە
ئەوە چ مانایەکی هەیە
(سەری دەلەقێنێ)
لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک خەفەت بۆ مەرگ دەخۆن،
وەک ئەوەی مەرگ گەورەترین کارەسات بێ،
بەڵام ئەوە چۆن دەبێ،
گەر مردن بوونی
نەبێت.

شانۆنامەی (خەون بە پایزەوە)

یۆن فۆسە کارەکتەرەکانی بە تەواوەتی لە هەموو کێشە و چەمکە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە باوەکان داماڵیوە، ڕووداوی شانۆنامەکانی تێهەڵکێشی ئەو دۆخ و هەڵوێستانە کردووە کە کەسایەتییەکانی لە ئێستا و لێرەدا تێیدا دەژی، ئێستا لە ڕوانگەیەکی بینراوی ئەو چرکەساتەدا. لە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرەدا حاڵەتێکی

بریسکەئاسا، پڕ لە ڕاز و نهێنی تێ دەپەڕێ، ئەم ڕەوشەش وەک هەڵوێستەیەکی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی نزیک دەبێتەوە لە هەستێکی ئاینی. ئەم هەستکردنەش هەستکردنێکی قووڵی ناوەکییە بە بوون و هاتنە ئارای شتێکی تایبەتەوە، پیەسەکانی یۆن فۆسە ڕووبەڕووی هەستێکی جیاواز، شتێکی پیرۆز و خواوەندیمان دەکاتەوە.

## تەکنیک و شێوازی نووسین

تەکنیک و شانۆنامەکانی یۆن فۆسە سیمایەکی خەونەئامێز لەخۆدەگرێن، ڕووداوەکان لەو شوینانەدا ڕوودەدەن کە بەپێێ لۆژیکی هۆش بوونیان نییە، نادیارن و زەمەنێکی میتافیزیکی لەخۆدەگرن. خەون میتافۆری ژیان نییە، ئەو تەکنیکە خەونەئامێزەی لە شانۆگەرییەکاندا هەیە، ئاماژەیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی (ئێستا) و تێکەڵاوکردنێکی بەسەلیقەی زەمەنەکان! ڕابردوو، ئێستا و ئایندە پێکدادەچن و زەمەنێکی تایبەتمەند دەستەبەر دەکەن.

کاریگەری و گرنگیی ئەو فۆرمە، وەک تەکنیکێکی نوێی شانۆیی دەبێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی بڵاوبوونەوەیەکی خێرای پرۆژە و بەرهەمە شانۆییەکانی یۆن فۆسە. تێکستەکانی ئەم نووسەرە زیاتر لە ئەدەبێکی لیریکی دەچن وەک لە شانۆنامە. لەم ڕووەوە یۆن فۆسە هونەرمەندێکی وشەسازە، داهێنەری وشەیە و وشەش فۆرم و مانایەکی تر لەخۆدەگرێت، سەرلەنوێ فێری وشەکانمان دەکاتەوە و سەرلەنوێ بە وشەکانمان دەناسێنێتەوە. یۆن فۆسە دابڕانێکی گەورە لەنێوان خۆی و شانۆی بەرلەخۆی دروست دەکا، ئەم دابڕانەش بە وەرچەرخانێکی گرنگی نوێی شانۆی هاوچەرخی ئەورووپی دادەنرێ.



بونیادی شانۆنامەکانی لەسەر هونەری دووبارەبوونەوە، وشەی کورت و تەواونەکردنی ڕستەکان پێک هاتووە، یۆن فۆسە زۆر کەم وشە بەکاردەهێنێ و زۆرجار دووبارەشیان دەکاتەوە: وەرە، بڕۆ، ڕۆیشت، لەوانەیە، دیدەنی، ڕاوەستە، چاوەڕوان بە، هەندێک، کەمێک، ئا، بەڵێ، نەخێر .... تد، ئەمەش بووتە یەکێک لە سیما گرنگەکانی ئەو تەکنیکە تایبەتمەندەی یۆن فۆسە.

لەم جیهانەدا لەیەک کاتدا پانتاییەکی خەونەئامێز، ڕیالیزم و وتارێکی پڕ لە نهێنی کۆدەبێتەوە، کارەکتەرەکان خەڵکی ئاساین و هیچ پێوەندییەکیان بە مەسەلە چینایەتییەکانەوە نییە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هێندە ئاساین دەبنە کەسانی نائاسایی. زۆرجار ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی ڕیالیستی، بۆ نموونە ژوورێکی ئاسایی دانیشتندا ڕوودەدەن.

بەشێوەیەکی گشتی کارەکتەرەکانی یۆن فۆسە بێ ناون، بۆ نموونە ئەوی مێ، ئەوی نێر، پیاوەکە، ژنەکە، برا، کیژەکە، دایک، هاوڕێ ... تد، ئەم بی ناوییە و لەسەر ئاستێکی قووڵ هێمایەکە بۆ بێ لانەیی، ئەوەی ناونەنراوە و هیچ ناوێک هەڵناگرێ، زۆر ئاسانە کە بەتەواوەتی لەیاد بکرێ و بیربچێتەوە، لەهەمانکاتدا ئەوانەشی کە خاوەن ناون دەبنە بەندی ئەوانیتر و منێکی هەمیشە دیار و ئاشکرا. بەڵام کارەکتەر، هەڵوێستە و حاڵەتەکان گوزارشتێکی فرە لایەنی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، لەم بارەدا پەیوەندییەکان و گیانێکی پر لە نهێنی، ئەو ژوورە ئاساییە دەکاتە پانتاییەکی جیاواز و تەلیسماوی. کەسایەتییەکان لەناوەندی ژیانێکی ناوەکیی دەوڵەمەندا کار دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان و نەمانی پەیوەندییەکان و خوڵقاندنی

کۆمەڵێ کەسایەتیی تەنیا، تەنیایی دەبێتە بارێکی دەروونی و ڕۆچوونە خوارەوە بەناوەوەی خۆیاندا.

بەکارهێنانی زمانێکی ساکار، ڕووت و هەندێ جاریش هەژار، لەلایەن یۆن فۆسەوە- وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە بە یەکێک لە ئامڕازە گرنگەکانی نزیکبوونەوە لە مەسەلە گەوهەرییەکانی بوون و نەبوونەوە، دادەنرێ هەژاری لە ڕووداو و زمانەکەیدا، دەروازەیەکە بۆ چوونە ژوورەوەی جیهانێکی چڕ و دەوڵەمەند.

مردن لەم دووڕییانە ساکارەدا، ئاماژەی بوونێکی بەهێزی ژیانە، هەموو شانۆنامەیەکیش بەشێکی بچووکە لە گەردوون. ستروکتوری ئەم تەکنیکە لە بێ دەنگییەوە دەست پێ دەکا، ڕستەی کورت و زمانێکی هەژار، وەک پرۆسێسێکی گرنگی ئەو پرۆژەیە، بەشێکی تەواوکەری ئەو بێ دەنگییەیە. وچان، یان وچانێکی درێژی بێ دەنگ لەنێوان دیمەن و دیالۆژی کارەکتەرەکاندا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی دروست دەکا، ئەو پەیوەندییەش دەبێتە بەشێکی گرنگی جووڵانەوەی کارەکتەرەکان لە کۆمەڵێک ڕووداوی پێکداچوودا.

دیالۆژی نێوان کەسایەتییەکان، گەوهەری حاڵەتە دەروونییەکان، بەرەوپێشەوەچوونی پێوەندگە دراماتیکییەکە و خودی گوتارە شانۆییەکان دیاری دەکا. لەم ڕووەوە دیالۆژەکان بە شێوازە تەقلیدییەکە نابنە هێزی پاڵپێوەنەری ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، وەک لەلای (هێنریک ئیبسن) پەیڕەوی کراوە. بەڵکو لەلای یۆن فۆسە هەموو ڕووداوەکان بەر لەدەستپێکردنی شانۆنامەکە ڕوویان داوە، هێزی بێ دەنگییش دەبێتە تەواوکەرێکی گرنگی ئەو پرۆسێسە.

ئیبسن و یۆن فۆسە چەندە جیاوازن لەیەکترەوە، هێندەش خاڵی



هاوبەشیان لەنێواندایە، ڕووداوەکان لەلای یۆن فۆسە بەهەمان شێوەی ئیبسن بەرەو بەرئەنجامێکی تراژیدی ناڕوا، بەڵام لەسەر ئاستێکی تر و زیاتر ناوەکی، لەگەڵ ئیبسن یەک دەگرنەوە، بۆ نموونە ڕابردوو هێز و هەڵگری ڕاستییەکانی ژیانمانە. یۆن فۆسە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: «لە پشووەکاندا، لە بێ دەنگیدا شتە گرنگ و سەرەکییەکان دەوترێن، هێزێکی دینامیکی لەنێوان وشە و کارەکتەرەکاندا هەیە. من توانیومە لە شانۆدا بۆشاییەکان، وچانەکان و ئەو شتانەی لەگەڵ تێکساتەکاندا ڕوودەدەن، بەکاربهێنم.»

ئەو هێزە دینامیکییەی کە یۆن فۆسە ئاماژەی بۆ دەکا، هێزی بێ دەنگییە، ئەو بێ دەنگییە ئەفسووناوییەی کە وشە و کارەکتەرەکان لە پانتاییەکاندا دەکاتە چرکەساتێکی دەوڵەمەندی پڕ لە جووڵە و ڕووداو. هەر لەم ڕووەوە ستروکتۆری شانۆنامەکانی یۆن فۆسە لەسەر فۆرم و تەکنیکێکی تایبەتمەندی هونەری دووبارەبوونەوە، ڕستە پێ بڕین و دروستکردنی وچان بنیاتنراوە، لەنێوان ڕستە و دیالۆژە کورتەکاندا (وچانیکی کورت، وچان، وچانێکی درێژ) هەروەک شانۆنامەکانی سامۆیل بێکێت، هارۆڵد پینتەر و لاش نۆرێن کەرەستەیەکی گرنگن بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو تەکنیکە. ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە، بەتایبەتی لەڕووی کاریگەری تەکنیکە بێ دەنگیئامێزەکەی بێکێتەوە ئەوەیە کە یۆن فۆسە توانیویەتی شتێکی تازە و تایبەتمەند بەخۆی، جیاواز لە بێدەنگییە تراژیدییەکەی بێکێتەوە بخوڵقێنێ. یۆن فۆسە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی سامۆیل بێکێت دەڵێت: «لێکچوون هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا جیاوازییەکی گەورەش بەدی دەکرێ. بێکێت کۆمەڵێک وێنە دەنووسێت، بەڵام من

پەیوەندییەکان، هەست و سۆز، ئەتمۆسفێر دەنووسم.»

شانۆنامەکانی یۆن فۆسە کۆمەڵێک شوێنی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکانی دەدۆزنەوە، شوێنی ڕەها و نەبینراو، بۆ نموونە دنیای مردووەکان، گۆڕستان و پانتاییە دیارینەکراوەکان.

بەرجەستەکردنی شتەکانیش لەو خاڵەوە دەست پێ دەکا کە ئەکتەرەکان لەو گەردوونە نادیارەدا دەتوانن لەگەڵ یەکتری بدوێن، لە پشت ئەو هەژاریی وشە و بەکارهێنانە تایبەتمەندەی زمانیشەوە، جیهانێکی چڕی ئاماژەئامێز و ژیانێکی دەوڵەمەندی خاوەن ئەزموون خۆی حەشارداوە.

یۆن فۆسە چۆنییەتیی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی ئەکتەرەکانی، شوێن و شێوازی هاتنە ژوورەوە، چوونە دەرەوە، جووڵە و تەنانەت چۆنییەتیی پەیڤین و تەماشاکردنی یەکتری، بە وردی لە شانۆنامەکانیدا دەستنیشان کردووە و هیچ جووڵە و ئاماژەیەک ناداتە دەست ڕێکەوت.

**ئەوی نێر:** بەڵێ تەنیا ئێمە هەردووکمان پێکەوە

**ئەوی مێ:** من و تۆ

**ئەوی نێر:** من و تۆ

(ئەوی "نێر" هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەی موبەقەکەوە کە لەناوەڕاستی دیوارەکەدایە و بەسەر پێش خانووەکەدا دەڕوانێ. ئەوی "نێر" سەیری دەرەوە دەکا، بە هەموو لایەکدا. پشوو.)

**ئەوی مێ:** هیچ دەبینیت



**ئەوی نێر:** نەخێر

(ئەوی "نێر" ئاوڕ دەداتەوە بۆ لای ئەوی "مێ").

لەو باوەڕەدا نیم

(قسەکەی دەبڕێ)

**ئەوی مێ:** ئەوە چییە

**ئەوی نێر:** نا هیچ نییە

شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)

ئەم شێوازەش ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە خودی مۆسیقای وشە و ستروکتوری شانۆنامەکانیدا، ڕیتمی کارەکتەرەکان لەنێو ڕووداوەکاندا و لەنێو ڕستەکاندا و لەنێو وشەکانیشدا ڕادەگرێ.

جووڵە بێ دەنگەکان و خودی وچانەکان، زمانێکی تایبەتمەند بەخۆیان دروست دەکەن، زمانێک بەشێوەیەکی تەریب شانبەشانی دیالۆژی کارەکتەرەکان دەڕوا. هەندێک جار ڕووداوەکان و دیالۆژەکان دەبنە وێنە و ئەوەی ڕوودەدا دەبێتە شیعرێکی هێمن و بینەر دەتوانێ خودی دیالۆژەکان ببینێت، نەک تەنیا گوێیان لێ ڕادێرێ.

## ئێرەیی و تەنیایی لە (کەسێک هەر دێ) دا

دوو کەس، ژن و پیاوێک کە پێکەوە دەژین، دەیانەوێ بە تەنیا بن، لە خەڵک و لە کۆمەڵگا دوور بکەونەوە، بۆ ئەم مەبەستە خانووبەرەیەک لە شوێنێکی دوورەدەست، لە نزیک زەریایەکەوە دەکڕن و پەنای تێدا دەگرن. ئەم ژن و پیاوە دوودڵ و ڕاڕان، لە چاوی ئەوانیتر و ئامادەگیی ئەوانی تر لە ژیان و دەوروبەریاندا دەترسن. پچڕان و نەمانی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئیرەیی و بارە ئاڵۆزە دەروونییەکان، لەگەڵ تەنیایی و دابڕانێکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و دەروونیدا ڕووبەڕووی کردوونەتەوە.

یۆن فۆسە لە شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ) دا بە شێوازێکی شیعریی بەرز، باس لە ترسی مەرگ و تەنیایی دەکا.

کوڕ و کچێکی گەنج توانای هەموو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانیان لەدەست داوە، دووچاری بارێکی دەروونیی دژوار بوون، لە کۆمەڵگا و لە هەموو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان هەڵدێن، دەچنە دوورگەیەکی دووری چۆڵەوە و خۆیان دوورەپەرێز دەگرن. بەڵام ترسێکی گەورە لەوەی کە کەسێک پەیدا بێت و جیهانە تەنیاکەیان لێ تێک بدات، هەموو ئارامییەکی شێواندوون.

ئەم شانۆنامەیە کاریگەریی سامۆیل بێکێت و دەقی (بە دەم چاوەڕوانیی گۆدۆ)ی پێوە دیارە، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە و جیاوازەوە. لەلای یۆن فۆسە و لە شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ) دا لەبری چاوەڕوانی، کەسایەتییەکان لە ترسێکی گەورەی ئەوەدان کە کەسێک لەوانەیە بێت و ژیان و گوزەران و ئارامییان لێ تێک بدا.

ژنەکە (ئەوی مێ) هەر لە سەرەتاوە گوزارشت لە دوودڵی و نائارامیی خۆی دەکا، ترس و دڵەڕاوکێیەکی نادیار گەمارۆی داون. هەموو دیالۆژەکانی سەرەتای شانۆنامەکە پڕە لە دوودڵی و لەهەمانکاتدا ئارام بەخشە.

**ئەوی "مێ"**: (بە ورەوە).

بەم زووانە لە خانووەکەی خۆمانداین

**ئەوی "نێر"**: خانووەکەمان!



**ئەوی "مێ"**: خانوویەکی کۆنی جوان،

لە خانووی تر و خەڵکی ترەوە

دوور

**ئەوی "نێر"**: تۆ و من بە تەنیا؟

**ئەوی "مێ"**: نەک هەر بە تەنیا،

بەڵکو پێکەوە بە تەنیا

(ئەوی "مێ" تەماشای ڕوخساری ئەوی "نێر" دەکا)

خانووەکەمان،

ئا لەم خانووەدا ئێمە دەمانەوێ پێکەوە بین،

تۆ و من،

پێکەوە بە تەنیا

**ئەوی "نێر"**: و بێ هاتنی کەسی تر

(لە تەنیشت یەکترەوە دەوەستن، سەیری خانووەکە دەکەن)

شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)

هەر خێرا دوای ئەم گفتوگۆ کورتە، دوودڵی و ترس گەمارۆیان دەدا، نائارام و بە هەستێکی نائومێدانە و دۆخێکی دژوارەوە، دەڕواننە یەکتر. خودی دوودڵی و نائارامییەکەش لە هەستێکی ئیرەیی و دڵپیسی و ڕاڕاییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم دوو مرۆڤە تەواوکەری یەکترن و لە هەڵوێستەیەکی ئاوهادا کە یەکێکیان ئەویتریان لە دەست بدا، خۆی بە کەمئەندام و تەنیا دەزانێ.

**ئەوی "نێر"**: وەرە.

دانیشە،

ئێمە تازە گەیشتووین

(ئەوی "مێ" دەچێت لە تەنیشتییەوە لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت.)

**ئەوی "مێ":** بەڵام کەسێک هەر دێ،

دەزانم.

من وا هەست دەکەم

کە کەسێک دێ

کەسێک

وازمان لێ ناهێنێ بۆ یەک بین،

کەسێک هەر دێ

**ئەوی "نێر":** کەس لێرە نییە

کەس نایە

**ئەوی "مێ":** (بە دەنگی بەرز

من دەزانم کە کەسێک

هەر دێ.

**ئەوی "نێر":** نەخێر

**ئەوی "مێ":** هەرگیز وازمان لێ ناهێنن،

بۆ یەک بین

**ئەوی "نێر":** ئاوا بیر مەکەرەوە

**ئەوی "مێ":** بەڵام کەسێک دێ



من لە دڵم گەڕاوە

(ئەوی "مێ" هەڵدەستێتە سەر پێ، لەبەردەمی ئەوی "نێر" دا ڕادەوەستێ، سەیری ئەوی "نێر" دەکا. بە گومانەوە).

کەسێک هەر دێ

شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)

هەر زوو، دوابەدوای چەند ساتێکی نائارام، پیاوێک، دراوسێیەک، هەر وەک قارچک هەڵدەتۆقێ، ئەو پیاوەی کە خانووبەرەکەی پێ فرۆشتوون. دەرکەوتنی ئەم پیاوەش ڕاڕایی و دوودڵیی ئافرەتەکە دووپات دەکاتەوە (لێرەش تەنیا نین)، هەمیشە ڕووبەرێکی تر لەو نزیکانە هەیە کە کەسانی تری تێدا دەژین، ئیرەیی و دڵپیسی و دەرکەوتنی ئەوانی تر، خۆشەویستەکانمان دەدزن و ژیانمان لێ دەشێوێنن، گەر کەسیش نەیەت ئەوا ئەندێشە و فەنتازیاکانمان ئارامیمان تێک دەدەن.

**پیاوەکە:** بەڵێ من لێرەوە لەم نزیکانەوە دەژیم.

(پیاوەکە سەیری ئەوی "مێ" دەکا. کەمێک بە گاڵتەکردنەوە)،

لەوانەیە بتوانین هامشۆی یەکتری بکەین

شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)

ئەمەش بابەتێکە کە لە زوربەی شانۆنامەکانی تری یۆن فۆسەدا ڕەنگی داوەتەوە، مرۆڤەکان لەنێوەندی شاڵاوی زەمەندا گیریان خواردووە، نە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، نە دەشتوانن بەرەو ئایندە هەنگاو بنێن، ئەوەی دەمانەوێ خۆمانی لێ دەرباز بکەین، دەبێتە چارەنووسمان.

ئەوی "مێ" و ئەوی "نێر" پێیان وایە بە تەنیا شوێنێکیان لە دەرەوەی شوێن و کاتەوە دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو شوێنە نادیارە، ناشوێنە، هەر زوو لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە داگیر دەکرێ، مەرزی تەنیایی دەبڕێ، دەنگی کەسانی تر تێکەڵی دەنگی ئەوان و دەنگی سروشت دەبێ و هەموو شتێک وەک جارانی لێ دێتەوە، هەروەک خانووبەرەکە.

ئەو خانووبەرە کۆنە، بە تەنیا لە باوەشی سروشتدا بەپێوە ڕاوەستاوە و مێژوویەکی دیاری هەیە، هەموو کەسێکی زیندوویش، ڕابردوو و ئایندە چاوەڕوانیی دەکەن، (ئێستا) ش تەنیا خەیاڵە.

**ئەوی "نێر"**: (بە ترسەوە)

گوێت لێیە،
من گوێم لە کەسێکە لە دەرەوە
لە دەرەوەیەی؟
لەوێیە،
لەبەر پەنجەرەکەدایە

شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)



# دەمەتەقێیەک لە نێوان یۆن فۆسە و لاش نۆرێندا

ستۆکهۆڵم ٧ ی سیپتێمبەری ٢٠٠٢

و. لە سویدییەوە: دانا ڕەئوف

**نۆرێن:** بەڕاستی دواجار کەی بوو کە ئێمە یەکترمان بینی.

**فۆسە:** لە ئۆسلۆ بوو.

**نۆرێن:** دەمەتەقێیەکمان بەر لە نمایشکردنی نۆڤێمبەر کرد ,١ تەنیا باسی هونەر و مەرگمان کرد ... من پێم وایە کە ئێستا لەسەر ئەومەسەلانە قسە نەکەین. دەتوانین.

**فۆسە:** یان ناتوانین.

**نۆرێن:** بۆچی باسی ئەو شتانە بکەین کە دەربارەیان دەنووسین؟ شتێکی زۆر بێ مانایە. با زیاتر قسە لەسەر شتە پراکتیکییەکان بکەین.

**فۆسە:** هەست دەکەم قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلانەی کە لەسەریان دەنووسم شتیکی هەڵەیە. ئەوانەی کە نووسیومن خۆیان باسی شتەکان دەکەن. کە باسی ئەوە بکەیت لەپڕ و لەخۆوە دەبێتە شتێکی هەر زۆر جیاواز.

**نۆرێن:** ئەی چۆن فریای ئەو هەموو شتە دەکەوی، ڕۆمان دەنووسیت، پیەسی شانۆیی دەنووسیت و ئامادەی یەکەمین نمایشی شانۆنامەکانت دەبیت، سیمینار ڕێک دەخەیت ... ئەی کەی

پشوو دەدەیت؟

**فۆسە:** (دوودڵییەکی درێژ) ئەوی ڕاستی بێت من هەر زۆر کەم دەنووسم – چلۆنیها.

**نۆرێن:** بەڵام خێرا دەنووسیت؟

**فۆسە:** ئا، کەموزۆر. بەڵام هەمیشە خەریکی نووسین نیم.

**نۆرێن:** کاتی نووسینەکانت چڕ دەکەیتەوە بۆ چەند مانگێک لە هاویندا؟

**فۆسە:** ئا، لە هاویندا دەنووسم. زیاتر لەم چەند ساڵەدا وای لێ هاتووە. بەڵام لارش، تۆ خۆت هەر زۆر دەنووسیت. لە من زیاتر، هەروەها کاری شانۆش دەکەیت.

**نۆرێن:** ئەوە بۆ هەشت مانگ دەچێ لە شانۆی دەوڵەت دوورکەوتوومەتەوە و خەریکی داڕشتنی شانۆنامەکانم بووم. ئێستاش سەرقاڵی پرۆڤەکردنم لە شانۆنامەیەکمدا بەناوی (ئاوی مەنگ).

**فۆسە:** ئا، خوێندوومەتەوە.

**نۆرێن:** خوێندووتەتەوە؟ (شادمانییەکی چاوەڕواننەکراو) چۆن بوو بەلاتانەوە؟

**فۆسە:** پێم باش بوو.

[وچان]

**نۆرێن:** لە خانووەکەتەوە زەریاچە دەبینیت؟

**فۆسە:** ئێستا لە بێرگن و لە شوقەیەکدا دەژیم، زۆر نزیکە لە دەریاوە.

**نۆرێن:** ماڵت گواستووتەوە؟



**فۆسە:** ئا، خانوویەکمان هەبوو، فرۆشتمان و لەبری ئەوە شوقەیەکمان کڕی تا لە دەریا نزیک ببینەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندین شوقەیان لەسەر ئاوەکان دروست کردووە و ئێمەیش خانووەکەمان فرۆشت و شوقەیەکی وامان کڕی. کە لە شوقەکەدا دادەنیشیت، هەروەک ئەوە وایە لەنێو بەلەمێکدا دانیشتبیت.

**نۆرێن:** بەلاتانەوە گران نییە کە خاوەنی خانوویەک نین؟

**فۆسە:** نەخێر، بەهیچ شێوەیەک. هاوینەخانوویەکی بچووکم هەیە. لەوە زیاتر پێویست ناکات. خانووی کۆن ئیشی زۆرە و پێویستە هەر دەستت پێوە بێت و گەر مرۆڤیش بەدەستوبرد نەبێ، ئەوا بچووکترین گرفت دەبێتە مەسەلەیەکی گەورە.

**نۆرێن:** بەڵام خانووبەرەی زۆر لە شانۆنامەکانتدا هەن.

**فۆسە:** وەک مێتافۆر.

**نۆرێن:** لە (کەسێک هەر دێ) ڕۆژێکی هاوین، مرۆ دەچێتە خانوویەکی تازەوە نەک شوقە.

**فۆسە:** نەخێر دەچنە خانووەوە و ئەمەش پەیوەندیی بە منداڵی و گەورەبوونی خۆمەوە هەیە لە خانوویەکی کۆندا. زۆر دڵم پێیان دەکرێتەوە. لەم ڕووەوە کۆنەپارێزم. پێ موایە پارێزگاریکردن لە خانوویەکی کۆن، مانای پارێزگاریکردنە لە سەردەمێک کە خانووەکەی تێدا ژیاوە.

**نۆرێن:** .... خۆ ماوە.

**فۆسە:** ئا، هەموو ژیان لەوێدا هەیە.

**نۆرێن:** وەک سێبەری وێنەیەکی فانتۆمی.

**فۆسە:** ئا، کە دەنووسم زۆر بە ڕوون و ئاشکرا هەستی پێدەکەم. هەندێ ژوور زۆر باشە بۆ نووسین، هەندێکی تر بە هیچ شێوەیەک بۆ من دەست نادا.

**نۆرێن:** لێرەش هەروایە، لە ستۆکهۆڵم کە دەچیتە خانوویەکەوە، هەر لە دالانەکەوە مرۆڤ هەست بەوە دەکا کە زۆر کارەساتی تێدا ڕووی داوە، دڵەڕاوکێ و ....

**فۆسە:** ئەمەش یەکێک بوو لە هۆکارەکان کە گواستمانەوە. خانووەکەمان بەکەڵکی نووسین نەدەهات. لە ژوورێکەوە دەچوومە ژوورێکی تر و هەوڵم دەدا بنووسم، بەڵام هەرگیز ئاسوودەیی و ئارامیم لە هیچ سووچێکی ئەو ماڵەدا نەدەدۆزییەوە.

**نۆرێن:**شوقەکە تازەیە؟

**فۆسە:** هەر زۆر تازەیە. یان ئەوەتا تازە دروست کرابێت یان زۆر کۆن بێت. ژوورێک لەلایەکەوە بۆ من، ئاو. کە لە پەنجەرەی ژوورەکەتەوە دەریاچەیەک ببینیت، یان نزیک بە ئاو بیت.

[وچان]

**نۆرێن:** بەڕاست.. وەرگێڕانی (کەسێک هەر دێ)ت پێ چۆن بوو بۆ سویدی(٢).

**فۆسە:** زۆر باشە. وەرگێرانەکەت ئاواز و گۆرانی خۆی هەیە. وەرگێڕیکی باشیش دەبێت وا بێت.

**نۆرێن:** ئاوا؟ کارێکی زۆر گران بوو. هەموو ڕۆژێک تەنیا لە یەک ڕووپەڕی شانۆنامەکەتدا کارم دەکرد، زۆر گران بوو، هەر



لەبەرئەوەش بوو کە هەستم دەکرد وەرگێڕانەکە بەرەو خراپی دەچێ. ئەو ئەتمۆسفێرە بەرز و پاکییەی کە لە تێکستەکەدایە، لێرە و لەوێ لە دەستم دەدا. هەر لەبەرئەوەش بوو کە بیرم کردەوە باشتر وایە بە زمانی نەروێژیی نوێ، نەک سویدی نەمایشی بکەین.

**فۆسە:** بە نەروێژیی نوێ؟

**نۆرێن:** بە جیددی ئەو مەسەلەیەم باس کرد، گرفتە زمانەوانییەکان بشکێنیت. ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەبێ وا بکەین.(٣)

**فۆسە:** گرفتەکانی وەرگێڕان لەلای من بەپێچەوانەوەیە. من زیاتر هەڵدەکێشێم. زمانەکە بەرەو شوێنێکی ترم دەبات، بمەوێت یان نەمەوێ. بەشێوەیەکی گران کاردەکەم و هەوڵ دەدەم لە نەژادی زمانەکە نزیک ببمەوە، وێنەکانی زمانی نەروێژیی نوێ بەرەو ئەو ڕێگایەت دەبەن.

**نۆرێن:** بەڵام بەرەنجامێکی باشمان بەدەست هێنا. کە خەریکی پرۆڤەی (نۆڤێمبەر)(٤) بووین، کارم لەوەشدا دەکرد. هەندێک جار هەوڵمان دەدا لێرەو لەوێ داکشێین و تۆنێکی هێمن بدۆزینەوە... بەڵام پێویستە ئەو ئاستەنگە بشکێنین. نەروێژیی نوێ هەر زۆر جوانە. شانۆنامەکانی تۆش پابەندن بەو وێنە زمانەوانییانەوە.

**فۆسە:** بەڕاستی وایە.

**نۆرێن:** ئەی لەگەڵ ئەڵمانییەکەدا چۆنە٥؟

**فۆسە:** هێندەی من شارەزای زمانە شانۆیییە ئەڵمانییەکە بم، ئەویش وێنەیییە، لەبەرئەوە بە ئەڵمانی زۆر باشە. بۆ فەرەنسیش

هەروەها. بێگومان گرانە بۆ من کە ئەو وەرگێڕانانە هەڵسەنگێنم. [وچان]

**نۆرێن:** لەم ڕۆژانەدا (سەگە تۆپیوەکان)[٦] مان خوێندەوە.

**فۆسە:** (بە شێوەیەکی چاوەڕوواننەکراو) ئەوها؟

**نۆرێن:** لەسەرەتادا وا هەستم دەکرد کە دۆخەکان زۆر دووبارە دەکەیتەوە. بەڵام کە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا خوێندمانەوە، بە شێوەیەکی تر گەشەی کرد و هەر لە هەڵکشاندا بوو.

**فۆسە:** لەوانەیە ئەو شانۆنامەیە بەکەڵک بێ، من زۆر جار، گەر نەڵێم هەمیشە، دڵنیانیم لەو شانۆنامەیەی کە نووسیومە. باشە یان خراپە، شایانی نمایشکردنە یاخود شایانی ئەوە نییە بخرێتە سەر شانۆ. کە نووسەرێکی گەنج بووم هەمیشە هەستم دەکرد و دڵنیابووم لەوەی کە نووسیومە. بەڵام ئەو حاڵەتە ئێستا وا نەماوە. بێگومان ئەمەش زۆر پەیوەستە بە جۆری نووسینەکەوە. تا ئاستێکی باش دڵنیام لە شیعرێکی باش یان خراپ، یاخود ڕۆمانێک. ئەم مەسەلەیە زۆر جیاوازە لەگەڵ شانۆنامەدا. کەسێکی بڕواپێکراو پێویستە پێم بڵێ کە باشە یان خراپە.

**نۆرێن:** شانۆنامەیەکی هەر زۆر باشە.[٧]

**فۆسە:** (دڵخۆشە) زۆر سوپاس! لەو بڕوایەدا بووم کە شانۆنامەیەکی خراپ بێ.

**نۆرێن:** ئێمە کاری تێدادەکەین و دەیخەینە سەر شانۆ. بەڵام شانۆنامە خوێندنەوە هەر زۆر گرانە.

**فۆسە:** لەوانەیە ئەمە ئەوە بێت کە منیش درکم پێ کردووە و ئەمەش وام لێ دەکات کە زۆر دڵنیا نەبم لە تێکستی شانۆنامە بە



بەراورد لەگەڵ تێکستی تەرزەکانی تری ئەدەبدا. ئەوەی کە زیاتریش ڕووبەڕووی بوومەوە کە دەستم کرد بە نووسین بۆ شانۆ، ئەوە بوو کە تێکستەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، دەبێتە لەوە زیاتر، کە دەشبێتە شتێکی چاک، ئەوا زۆر باشتر دەبێت لەوەی کە لە خودی ڕووپەڕەکاندا نووسراوە. لەم مەسەلەیەدا بەهرەم هەیە، ئەمەش ئەو شتەیە کە دەبێ بزانرێ.

**نۆرێن:** بەڵێ، بەڵام ئێمە شانۆنامەیەکی تازەمان دەوێت. هیچ شک دەبەیت؟

**فۆسە:** نەخێر، ئێستا خەریکم ڕۆمانێک دەنووسم. گەر نا سەگە تۆپیوەکان شانۆنامەیەکی تازەیە. یان ڕاستتر وایە بڵێم، ئەو پیەسە لەسەر پیەسێکی تر بنیات نراوە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر وەلام ناوە، دەرم هێنایەوە و سەرلەنوێ زۆر بە چڕوپڕی کارم تیاکردووتەوە. لەبەرئەوە لەوانەیە ببێتە شانۆنامەیەک کە بۆ یەکەمجار نمایش دەکرێت!

**نۆرێن:** ئەی شانۆنامەی داهاتووت؟

**فۆسە:** سوپاستان دەکەم. چەندین شانۆنامەی تر بەرێگاوەن. لەهەمان کاتدا من نامەوێ بەم شێوەیە بیربکەمەوە، کە تێکستی شانۆنامەش تەواو بوو، گەر بە تەواوەتی پێ منەما، ئەوا وشک دەکەم.

**نۆرێن:** من دەمرم گەر نەتوانم بنووسم و پێم نەمێنێت.

**فۆسە:** مەسەلەکە بۆ تۆ وایە؟ بۆ من وا نییە. گەر نەتوانم بۆ شانۆ بنووسم، ئەوکات لەبری ئەوە شیعر دەنووسم. بنووسە، ئەوەیان پێویستە و دەبێت بەردەوام بنووسم.

**نۆرێن:** بۆ من تەنیا شانۆ هەیە. شانۆ ماڵی منە. دەڵێن گوایە هەندێک کەس ناتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان واقیع و فەنتازیادا، من ناتوانم جیاوازی بکەم لەنێوان واقیع و واقیعدا.

**فۆسە:** بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەم کە مەسەلەکە وای لێ نەیەت و دەمەوێ لەسەر چەندین ئاست لە دەرەوەی شتەکانەوە بم و ژیانێکی بەهێزی تایبەتیشم هەبێ. ئەو ژیانەم هەیە. من ژیانێکی خێزانیی تایبەتم لەگەڵ ژن و منداڵەکانمدا هەیە. ئەمەش یەکەم واقیعی منە. دوای ئەوە نووسین دێ.

[وچان]

**فۆسە:** هێندە نابێ بۆ یەکەم جار شانۆنامەیەکم (کچەکە لە کورسییەکەدا) لە ئەڵمانیا و لە ڕیژی تۆماس ئۆستەرمەیەر نەمایش کراوە.[8] ڕەخنەکان هەندێکیان هەر زۆر باش بوون و هەندێکیشیان خراپ، هەر بەتەواوەتی هەڵواسین و داشۆرین. ئەمەش بۆ من شتێکی ئاساییە. ئەوەی ڕاستی بێت، هەمیشەش هەر وا بووە. ئەوەی تۆزێک مرۆ پێی ناڕەحەت و کەللەیی دەبێت ئەوەیە کە ڕۆژنامەکانی نەروێژ کاتێ نموونەیەک دەهێننەوە، ئەوا تەنیا هەڵواسین و داشۆرینەکان دەهێننەوە.

**نۆرێن:** دەبێ بەرگەی ئەو جۆرە ڕەخنانەش بگریت. من ناوبانگ و لەسەر نووسین وەک شێوەیەک لە شێوەکانی ڕق لێ بوونەوە دەبینم. هەمیشە دەکەونە پشتەوە، ئەوە هەمان میکانیزمە.

**فۆسە:** ئا، وایە، شێوەڕقێکی تیادایە. هەر لەبەرئەوەشە کە زۆر کەمتر چاوپێکەوتن دەکەم، وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکان نادەمەوە و ئەوەی ڕاستی بێ وازیشم لە خویندنەوەی ڕۆژنامە



نەروێژییەکان هێناوە.

**نۆرێن:** یەکەم کتێبم لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بڵاوکردووتەوە. بەر لە چل ساڵ لەمەوبەر، لەبەرئەوە من بەهەموو شتەکاندا ڕۆیشتووم. مرۆ هەر لە منداڵییەوە ئەوەی لەگەڵدایە کە بنووسێ، جۆرە ڕاستییەکە. مرۆ هەر ئەوانە دەخوێنێتەوە و هەر ئەو جۆرە نووسینانەش ئاسەوارێک جێ دەهێڵێن.

**فۆسە:** هەرگیز ڕاستی لە شتەکاندا نییە[9]. زۆر شت دەوترێن بە زمانی منەوە، بەڵام من وام نەوتووە، یان بە هەڵە شتەکان وەردەگرن، یاخود بەتەواوەتی حاڵی نابن و شتەکان بەهەڵاوگێڕاوی وەردەگرن!

**نۆرێن:** لەوە دەچێ کە بۆ یەکەمجار بێت ئەم مەسەلەیەت بۆ دەرکەوتبێ، هەروەک ئەوەی دیاردەیەکی نوێ بێ. هەرگیز مرۆڤ ناتوانێ خۆی بپارێزێت، ناکرێ.

**فۆسە:** (بە دەنگی بەرز) تۆ هەرگیز ناتوانیت خۆت بپارێزی، بەڵام دەتوانیت هەوڵبدەیت، لە ڕێگای ئەوەوەی کە بڵێیت نەء و ئەو شتانەش نەخوێنیتەوە کە لەسەرت دەنووسرێت. هەندێ جار لێرە و لەوێ ڕەخنە دەخوێنمەوە، بەڵام زیاتر هەوڵ دەدەم نەیانخوێنمەوە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر زۆر زۆر بووە. بەهەرحاڵ ئەوەش ئاوهایە، ڕەخنە باشەکانمان لەبیردەچێتەوە و تەنیا ڕەخنە خراپەکانمان دێتەوە یاد... (پێکەنین) [وچان].

**نۆرێن:** تەنیا یەک پرسیارم ماوە. دەکرێ دەمەتەقێیەکی ئاسایی لەگەڵ کەسێکدا بکەی، یان دەبێ هەمیشە ئەوە بێ کە تۆ (یۆن) یت؟

**فـۆسـه:** (دوای قـەیرێک) بەڵێ دەتوانم، بەهەرحـاڵ هیـوادارم. بەڵام لەکاتی چاوپێکەوتندا ناتوانم. لەکاتێکدا ئاوها دادەنیشین و چاوپێکەوتنەکەش تۆمار دەکرێ و لەهەمانکاتدا قسەش بکەیت[١٠] من ئەکتەرێکی باش نیم.

**نۆرێن:** ئەی لە دەرەوەی ئەمەوە دەتوانیت قسە بکەیت؟

**فـۆسـه:** بەڵێ، لەگەڵ هاوڕێکانمدا. بەڵام ئێستا من لە ڕۆڵی یۆن فۆسەدام. ئەوەش من نیم.

**نۆرێن:** ئا، منیش ئەوەم ناوێت!

**فـۆسـه:** گەرنا دەبێتە شتێکی پریڤاتی تایبەت. بەبێ بەرگری لەخۆکردن.

**نۆرێن:** وایە، شتێکی زۆر ناخۆشە. منیش هەمان هەستم هەیە، بەلای منەوە ئەمە شتێکی هەر زۆر بێزارکەرە. دەبێت جارێک، بەبێ ئەوەی هیچمان ڕۆڵ ببینین، چاومان بەیەکتر بکەوێ. دێم بۆ ئۆسلۆ تا شانۆنامەیەک بۆ شانۆی نەتەوایەتی نەمایش بکەم. کارێکی ئیبسن (لە کاتێکدا مردووەکان هەڵدەسنەوە) یان ئەوەتا (ئی یۆلۆف). کامیان باشترە؟

**فۆسه:** ئی یۆلۆفی بچووک.

**نۆرێن:** هەروەها زۆر نزیکە لە شانۆنامەکانی تۆیشەوە. لەو بڕوایەدام کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا پێشکەشی بکەم. بەر لەوە یەکتر هەر دەبینین.

**فۆسه:** لە ستۆکهۆڵم یان ئۆسلۆ.

(ئەم دەمەتەقێیە لەلایەن ئیلفا لاگەرسرانتەس وێنە گیراوە، داڕێژراوەتەوە و سەرلەنوێ نووسراوەتەوە).



پەراوێزەکان:

١- (نۆڤێمبەر) یەکێکە لە شانۆنامەکانی لاش نۆرێن و یۆن فۆسە وەرگێڕاوەتە سەر نەرویژی و لەلایەن لاش نۆرێن خۆیەوە و لە ساڵی ٢٠٠١ دا لەسەر شانۆی نەروێژی پیشکەش کراوە. دواتر هەمان نەمایش و لە گەشتێکی شانۆییدا لە ستۆکهۆڵمیش پێشکەشکراوەتەوە.

٢- لاش نۆرین شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ) ی یۆن فۆسەی لە نەروێژییەوە کردووتە سوێدی و لەسەر شانۆکانی زوربەی شارەکانی وڵاتی سوێد نمایش کراوە.

٣- لاش نۆرێن مەبەستی ئەوەیە، گەر نەکرا شانۆنامەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی سوێدی، ئەوە باشتر وایە کە ڕاستەوخۆ بە زمانە ئەسڵییەکە پرۆژەکە نەمایش بکرێ.

٤- بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١.

٥- مەبەست لە وەرگێڕانی شانۆنامەکانی یۆن فۆسەیە لە نەرویژییەوە بۆ ئەڵمانی.

٦- سەگە تۆپیوەکان شانۆنامەیەکی تری یۆن فۆسەیە.

٧- مەبەست لە شانۆنامەی سەگە تۆپیوەکان-ە.

٨- تۆماس ئۆستەرمیەر یەکێکە لە ڕیژیسۆرە هەرە باشەکانی ئەم نەوەیەی ئەڵمانیا و لە شانۆی Schaubuhne Am Lehniner Platz لە بەرلین کار دەکا.

٩- یۆن فۆسە مەبەستی لە وتاری ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسەکانە کە لەسەر ئەو و نووسینەکانی ئەو دەینووسن.

١٠- ئەم دەمەتەقێیە بە کامێرای ڤیدیۆ وێنە گیراوە، دواتر لە ڕۆژنامەیەکی شانۆیی ئەلەکترۆنیدا (ئینتەرنێت) بڵاوکراوەتەوە، دەقی چاوپێکەوتنەکەش سەرلەنوێ بە نووسراوەیی لە پرۆگرامی شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ) دا، بڵاوکراوەتەوە.

# کەسێک هەر دێ

کەسێک هەر دێ بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی شانۆی نەرویجی ٢٦/٤/١٩٩٩ پێشکەش کرا.

دەرهێنانی: ئۆتۆ هۆملونگ

سێنۆگرافی: کاری گرافکلێڤ

ئەوی "نێر": یان گرۆنلی

ئەوی "مێ": ئون ڤیبەکە هەول

پیاوەکە: لاسە کۆلسرِود

نووسەر سوپاسی ناوبراوان دەکا و سوپاسی هاوکارانیشیان، هەروەها نووسەر سوپاسی هەر یەک لە کای یۆهانسن، کامیللە ڤارێنشۆڵد، گیسلە کڤارێندۆک، سێسیلیا ئۆلڤێسکی، تۆم ڕێمڵۆڤ، ئولا. ئێ. بۆ، بێریت گولبارگ، هێنریش شمیت ـ هێنکێل، کاری هەووس، فێرینز کۆڤاچێ، تێریا سیندین و تریگڤە ۆسلوند دەکا.

هەروەها سوپاس بۆ ئەگنس وسیندرا و گرێتا

کەسایەتییەکان

جێناوی جودای کەسی سێیەمی تاکە بۆ نێر لە زمانی نەرویجیدا، واتە ئەو بۆگیانداری نێر. وەرگێڕ. Han



جێناوی جودای کەسی سێیەمی تاکە بۆ مێ لەزمانی نەرویجیدا، واتە ئەو بۆ گیانداری مێ. وەرگێڕ.Ho

واتە پیاوەکە، ناوی کەسی سێیەمی تاکە لە دۆخی ناسراودا. وەرگێڕ. Mannen

تێبینی: لەبەر ئەوەی کە لە زمانی کوردیدا، بۆ گیانداروبێ گیانی سێیەمی تاکی نێرومێ هەر جێناوی جودای ئەو بەکاردەهێنین. ئەوا لێرەدا بۆ جیاکردنەوەی ئەوجێناوە جودایانەی کەسی سێیەمی تاکی لای سەرەوە لە کاتی ئاخاوتندا، ئەوی نێر و ئەوی مێ بەکار دەهێنین تا خوێنەر بزانێ کام لەوان ئاخیوەرەکەیە. وەرگێڕ.

I

لەبەر دەمی خانوویەکی کۆنی تاڕادەیەک لە کەڵکەکەوتوو،کە بۆیاخی چووەتەوە، چەند پەنجەرەیەکی شووشەکانی شکاوە، لەگەڵ ئەوەشدا خانووەکە، کە کەوتووتە شوێنێکی چۆڵەوە، لەسەر تەختاییی سەرەولێژگەیەک، ڕووە و دەریا، بە کارێگەریی کەژوهەوا کەرەسەکەی جوانە. پیاو و ژنێک لە سووچی لای ڕاستەوە، دێنە پێش دەرگای خانووەکە. ئەوی "نێر" لە تەمەنی پەنجاساڵیدایە، قەڵەوە، قژێکی خۆڵە مێشیی کەمێک درێژی هەیە، چاوی نائارامانە دەگێڕێ و جموجۆڵی لەسەر خۆیە. ئەوی "مێ" لەدەوروبەری سی ساڵیدایە، تاڕادەیەک بالآی بەرزە، تۆزێک بەخۆیە، قژێکی نیوە درێژی هەیە، چاوەکانی گەورەیە و کەمێک هەڵسوکەوتی منداڵانەیە. پیاو و ژنەکە بەبەر خانووەکەدا دەڕۆن، دەستی یەکتریان گرتووە و تەماشای خانووەکە دەکەن

**ئەوی "مێ"**: (بەورەوە)
بەم زووانە لە خانووەکەی خۆمانداین
**ئەوی "نێر"**: خانووەکەمان
**ئەوی "مێ"**: خانوویەکی کۆنی جوان
لە خانووی تر و خەڵکی ترەوە
دوور
**ئەوی "نێر"**: تۆ و من بەتەنیا



**ئەوی "مێ"**: نەک هەر بەتەنیا
بەڵکو پێکەوە بەتەنیا
**ئەوی "مێ"**: (سەیری ڕوخساری ئەوی "نێر" دەکا)
خانووەکەمان
ئالەم خانووەدا ئێمە دەمانەوێ پێکەوە بین
تۆ و من
پێکەوە بەتەنیا
**ئەوی "نێر"**: و بێ هاتنی کەسی تر
لەتەنیشت یەکترییەوە دەوەستن، سەیری خانووەکە دەکەن
**ئەوی "مێ"**: وا ئێمە گەیشتینە خانووەکەی خۆمان
**ئەوی "نێر"**: وە خانووەکەش جوانە
**ئەوی "مێ"**: وا ئێمە گەیشتینە خانووەکەی خۆمان
خانووەکەمان کە
ئێمە لەوێدا دەمانەوێ پێکەوەبین
تۆ و من بەتەنیا
ئەو خانووەی کە
تۆ و من دەمانەوێ
بە تەنیا
دوور لە وانی تر پێکەوە بین
خانووەکەی کە ئێمە دەمانەوێ لەوێدا
بەتەنیا پیکەوە بین

بۆ یەکتری پەنا بین

**ئەوی "نێر"**: خانووەکەمان

**ئەوی "مێ"**: خانووەکەی کهەی خۆمانە

**ئەوی "نێر"**: ئەو خانووەی کەهی خۆمانە

ئەو خانووەی کە کەسی بۆ نایە

وا ئێمە گەیشتینە خانووەکەی خۆمان

خانووەکەی ئێمە دەمانەوێ لەوێدا پێکەوە بین

بەتەنیا بۆ یەکتری پەنا بین

دەست دەکەنەوە بەڕۆیشتن بەبەردەمی خانووەکەدا

**ئەوی "مێ"**: (کەمێک بە نیگەرانییەوە)

بەڵام کەمێک جیاوازە

من

بیرم نەکردبووەوە

کە بەم شێوەیە بێ

(لەپڕا بەترسەوە)

چوونکە کەسێک هەر دێ

ئێرە ئەوەندە چۆڵە

کە کەسێک هەر دێ

(ئەوی "نێر" بەبەردەوامی سەیری خانووەکە دەکا، وەکو ئەوەی
لە بیرکردنەوەی خۆیدابێ.)

بەدرێژای ئەو ڕێگەیە بۆ ئێرە



مرۆڤێک نەدەبینرا

ئێمە زۆر ڕۆیشتین

مرۆڤێکمان نەبینی

بێجگە لە ڕێگا

ئینجا لەبەردەمی ئەم خانووەدا ڕاوەستاوین

(بەتینەوە)

بیرلەوەبکەرەوە کاتێک کە تاریکی دادێ

بیرلەوەبکەرەوە کاتێک کە باوبۆران دێ

کاتێک با

بەنێو دیوارەکاندا تێ دەپەڕێ

کاتێک گوێت لە شاڵاوی دەریادەبێ

کاتێک شەپۆلەکان بەخوڕ دێن

کاتێک دەریا سپی و ڕەشە

بیرلەوەبکەرەوە ناو خانووەکە چەند سارد دەبێ

کاتێک با بە نێو دیوارەکانیدا تێ دەپەڕێ

بیر لەوەبکەرەوە ئێرە چەند دوورە لە خەڵکەوە

چەند تاریکە

چەند خامۆش وبێ دەنگ دەبێ

بیرلەوەبکەرەوە کە چۆن بای دێ

کە چۆن شەپۆل شاڵاو دێنێ

بیرلەوەبکەرەوە ئێرە پایزان چۆن دەبێ

لە تاریکییا

لە باران و تاریکیدا

دەریایەکی سپی و ڕەش جمەی دێ

لەم خانووەشدا

هەر بەتەنیا تۆ و من

دوور لە هەمووکەسێ

**ئەوی "نێر"**: بەڵێ دوور لە هەمووکەسێ

[پشوو]

دواجار ئێمە هەر بە تەنیاین

**ئەوی "مێ"**: (کەمێک نیگەرانانە)

بەڵام ئێمە لە هەموو خەڵک

دوورناکەوینەوە

ئەوە خەڵک هەموویان نەبوون

تەنیا چەند کەسێک

بوون

(ئەوی "نێر" دێتە پێشەوە و سەیری ئەوی "مێ" دەکا)

**ئەوی "نێر"**: ئێمە لەوان لە هەموویان پێکەوە دوور دەکەوینەوە

لە هەموو ئەوانی تر دوور دەکەوینەوە

(ئەوی "مێ" دێتە پێشەوە و سەیری ئەوی "نێر" دەکا).

**ئەوی "مێ"**:

(بە پرسیارەوە)



لەهەموو ئەوانی تر

لە هەموو ئەوانی تر دوور دەکەوینەوە

**ئەوی "نێر"**: بەڵێ لە هەموو ئەوانی تر

**ئەوی "مێ"**: بەڵام کەس ئەوەی پێدەکرێ

ئەوانی تر هەرچۆنێک بێ

ناخوازن بێن

کەس دەتوانێ لە هەموو ئەوانی ترهەڵبێ

ئەی ئەوە مەترسیی نابێ

**ئەوی "نێر"**: ئێمە حەزدەکەین هەر بۆ خۆمان بین

ئەوە ئەوانی ترن

هەموو ئەوانی ترن

کە ئێمە لەیەکتری دووردەخەنەوە

هەموو ئەوانی ترن

(بەهێزتر)

ئێمە خۆ تەنیا دەمانەوێ

پێکەوە لەگەڵ یەکتری

لە شوێنێکدا

بەتەنیا بین

تەنیا لەشوێنێکدا بە تەنیا بین

لەوێدا بتوانین بژین

لەوێدا تۆ و من

پێکەوە بە تەنیابین

بەتەنیا بۆ یەکتری پەنابین

ئەوە ئەو شوێنە بوو ئێمە حەزمان دەکرد لێی بین

تەنیا حەزمان دەکرد

بەتەنیا لەگەڵ یەکتری بین

بەتەنیا بۆ یەکتری پەنابین

**ئەوی "مێ"**: بەڵام ئێمە پێمان دەبڕێ بەتەنیا بین

لەوە دەچێ کەسێک لێرە بێ

(بەگومانەوە)

کەسێک لێرەیە

کەسێک هەر دێ

**ئەوی "نێر"**: لەسەرخۆ

بەتەنیا هەر ئێمە لێرەین

(ئەوی "نێر" پشت دەکاتە ئەوەی (مێ)، لەبەر دەرگای خانووەکەوە دەڕوا، بەبەر سووچی لای ڕاستی خانووەکەدا تێ پەڕدەبێ، ڕادەوەستێ و سەیری خوارەوە بەرەوڕووی دەریاکە دەکا).

هیچ کەس لێرە نییە

و ئەوە

پەنجەی ڕادەکیشێ

دەریایە

کەس نایە



(ئەوی "مێ بەرەوڕووی ئەوی "نێر" دێ، لە تەنیشتیەوە شانی بەشانی ئەوی (نێرە)وە جووت دەکا. ئەوی "مێ" سەیری دەریاکە دەکا. کەمێک بەزەوقەوە)

سەیرکە دەریا چەند جوانە

خانووەکە کۆنە

وە دەریا جوانە

ئێمە بە تەنیاین

هیچ کەسێک نایە

کەس نایە

دەریاش لەخوارەوە هێندە جوانە

تەماشای شەپۆلەکان بکە

سەیرکە چۆن شەپۆلەکان

لەخوارەوە لە ئاودڕەکەدا

بەسەر ئەو بەردە خڕانەدا هەڵدەگەڕێن

شەپۆل دوای شەپۆل

ئینجا دەریا

لەوێدا

تا چاوبڕکا

هەر دەریایە

و چەند دوورگەیەک

لە دوورەوە

چەند دوورگەیەکی ڕەش لەو دەریا شین و سپییەدا

لەوێدا

[پشوو]

ئا

(ئەوی "نێـر" سـەیری ئەوی "مێ" دەکـا. ئەوی "مـێ" سـەیری خوارەوە دەکا، کەمێک ترساودیارە. بە تێڕامانەوە).

بەڵێ

کەمێک بە شپرزەییەوە

کەسێک نایە

**ئەوی "مێ"**: وا هەست دەکەم

کە کەسێک هەر دێ

**ئەوی "نێر"**: نەخێر ئێمە تەنیاین

کەس ناناسین

بە تەنیا هەر ئەم خانووە و

دەریایە

**ئەوی "مێ"**: هەر لەئێستاوە کەسێک

لێرەیە

توندتر

بەڵێ

کەسێک لێرەیە

کەسێک هەر دێ





من دەزانم کە کەسێک

هەر دێ

**ئەوی "نێر"**: نەخێر ئێمە لێرە بەتەنیاین

[پشوو]

دواجارئێمە بەتەنیاین

ئێستا بەتەنیاین

پێکەوە لەگەڵ یەکتریەین

(پێداگرانە)

ئێمە نەماندەتووانی لەوێ بین

لەوشوێنەی کە لێی بووین

ئێمە هەر دەبوایە سەفەرمان بکردایە

هەر دەمانویست بۆ شوێنێکی دوور سەفەربکەین

ئەوا هاتین بۆ ئێرە

بۆ ئەم خانووە

وە ئێستا ئەم خانووە هی خۆمانە

(کەمێک دڵخۆشانەتر)

ئێستا دەمانەوێ لەم خانووەدا بژین

(ئەوی "نێر" دووبارە بەلای خانووەکەدا سەیردەکا)

ئێمە خۆمان بڕیارمان دا بۆئێرە سەفەربکەین

(زۆر دڵخۆشانەتر)

ئێمە خۆمان بڕیاری ئەوەمان دا

وە خۆمان هاتین
وە ئێستا لێرەین
ئەوە ئێمەین کە ئێستا دەمانەوێ لە خانووە کەدا بژین
ئێمە خۆمان بڕیارمان دا
کە سەفەرکەین بۆ ئێرە
لەم خانووەدا دەمانەوێ بژین
وامان وت
ئێستا لێرەین
دەمانەوێ لەناو خانووەکەدا بژین
(ئەوی "نێر" دووبارە بەلای دەریاکەدا دەڕوانێ)
ئەویش
(پەنجە ی ڕادەکێشێ)
دەریایەکی
گەورەوجوانە
(ئەوی "مێ" سەیری دەریاکە دەکا)
**ئەوی "مێ"**: بەڵام من لەوباوەڕەدا نەبووم
کە هاتن بۆ ئێرە
ئاوها بێ
ئاوا نا
ئا بڵێم چی
(ئەوی "مێ" سەیری خوارەوە دەکا)



دەریاکە هێندە گەورەیە
من لەو باوەڕەدا نەبووم
کە ئەوە ئاوها بێ
ئەوەی من بیرم لێ کردبووەوانێ تەواو جیاواز بوو
**ئەوی "نێر"**: بەڵام ئێمە نەمانتوانی
لەوێ بین کە ئەوانی تری لێ بوون
ئێمە نەمانتوانی
لەناو ئەوانی تردابین
ئێمە تەنیا دەمانویست پێکەوە بین
ئێمە دەمانویست
پێکەوە بەتەنیا بین
ئێمە نەماندەویست لەوێ بین کە ئەوانی تری لێن
ئێمە دەبوایە لەوێدا بژین کە کەسانی تری لێ نین
تەنیا لەوێدا
کە هەر خۆمانی لێ بین
دەمانویست بژین
تەنیا تۆ و من
(بەدەنگیکی بەرزتر)
پێکەوە بەتەنیا بین
دوور لەوێ
دوور دوور

له هەموو ئەوانی تر
لەوێ
دوور
ئەوە ئەوێ بوو ئێمە بەخۆشحاڵییەوە
زۆر حەزمان دەکرد لێی بژین
**ئەوی "مێ"**: بەڵام ئێرە بەمانایەک زۆر چۆڵە
هەروەها وەکو ئەوەی کە
کەسێکی لێ بێ
بێ ئەوەی کەسیشی
لێ بێ
لە یەک کاتدا چۆڵە و چۆڵیش نییە
ئەوە
(بێدەنگ دەبێ)
**ئەوی "نێر"**: خانووە کۆنەکان ئاوهان
**ئەوی "مێ"**: بەڵێ لەوانەیە ئەو خانووانە ئاوها بن.
(ئەوی "نێر" دەڕوا لەسەر کورسییەکی[١] ڕەشی کۆن کە بەتەنیشت دیواری خانووەکەوەیە دادەنیشێ.)
(ئەوی "مێ" سەیری ئەوی (نێر) دەکا)
ئێستا ڕووناکە
بیرلەوەبکەرەوە کاتێک تاریکی دێ

(١) وەک کورسییە درێژە لە دار دروستکراوەکانی ناو باخچە گشتییەکان.



کاتێک پایز
وە زستان دێن
کاتێک تاریک و ساردە
وە ئێمەش بەتەنیا نین
چوونکە هێشتا هەر کەسێک لێرەیە
(بەتووڕەییەوە)
کەسێک لێرەیە
من دەزانم کە کەسێک لێرەیە
وە کەسێک هەر دێ
من دەزانم کە کەسێک هەر دێ
**ئەوی "نێر"**: با ئێمە لەگەڵ یەکتری بین
ئیتر با بەتەواوەتی
لەگەڵ یەکتری بین
بەتەنیا لەگەڵ یەکتری
لەو جێگەیە نەبین
کە هەموو ئەوانی تری لێن
بەڵکو پێکەوە بین
بەتەنیا لەگەڵ یەکتری بین
ئێستا ئێمە دەمانەوێ
پێکەوە لەگەڵ یەکتری بین
پێکەوە بۆیەک پەنابین

بەتەنیا
لەگەڵ یەکتری لێرەبین
بێ کەسی تر
تەنیا تۆ و من
پێکەوە بین
کەمێک بەپاڕانەوەوە
وەرە و لەتەنیشتمەوە دانیشە
(بەپرسیارەوە)
ناتەوێ دانیشی
(ئەوی "مێ" سەری دەلەقێنێ)
**ئەوی "مێ"**: بەڵام کەسێکی تر لێرەیە
کەسێک هەر دێ
بە گومانەوە
ئێمە هەرگیز
بۆمان نالوێ بەتەنیا پێکەوە بین
ئێمە هەرگیز بۆمان نالوێ پێکەوە بین
**ئەوی "نێر"**: وەرە
دانیشە
ئێمە تازە گەیشتووین
(ئەوی "مێ" دەچێ لە تەنیشتییەوە لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ).



**ئەوی "مێ"**: بەڵام کەسێک هەر دێ
دەزانم
من وا هەست دەکەم
کە کەسێک دێ
کەسێک
وازمان لێ ناهێنێ بۆ یەک بین
کەسێک هەر دێ
**ئەوی "نێر"**: کەس لێرە نییە
کەس نایە
**ئەوی "مێ"**: (بەدەنگی بەرز)
من دەزانم کە کەسێک
هەر دێ
**ئەوی "نێر"**: نەخێر
**ئەوی "مێ"**: هەرگیز وازمان لێ ناهێنن
بۆ یەک بین
**ئەوی "نێر"**: ئا وا بیرمەکەرەوە
**ئەوی "مێ"**: بەڵام کەسێک دێ
من لەدڵم گەڕاوە
(ئەوی "مێ" هەڵدەستێتە سەرپێ، لەبەردەمی ئەوی (نێر) دا ڕادەوەستێ، سەیری ئەوی "نێر" دەکا. بەگومانەوە).
کەسێک هەر دێ

**ئەوی "نێر"**: بەڵام ئێمە بۆیە سەفەرمان بۆئێرەکرد

لەبەر ئەوەی ئێمە

دەمانەوێ بەتەنیا پێکەوە بین

کەس نایە

چونکە ئێمە

(ئەوی "نێر" لەقسەکردن دەوەستێ، لەپڕێکدا بەگومانەوە

سەیری ئەوی "مێ" دەکا).

[ پشوو.]

(بەترسەوە،

(بەپرسیارکردنەوە)

کێ دێ

**ئەوی "مێ"**: من تەنیا دەزانم

کە کەسێک هەر دێ

ئی خۆ تۆ دەخوازی کە کەسێک

بێ

بەلای تۆوە باشترە لەگەڵ خەڵکی تر

بی تا لەگەڵ من

بەلای تۆوە باشترە لەگەڵ خەڵکی تر بی

کەسێک هەر دێ

هەر ئێمە بچینە ژوورەوە کەسێک دێ

لەدەرگا دەدا

لەدەرگادەدا و لەدەرگا دەدا



کەسێک دێ لەدەرگا دەدا

لەدەرگا دەدا و لەدەرگا دەدا

وازناهێنێ و

هەر لەدەرگا دەدا

هەر بەچوونە ژوورەوەمان بۆ ناو خانووەکە دەم و دەست

کەسێک دێ

**ئەوی "نێر"**: (بەناڕەزایی دەربڕینەوە)

نەخێر

(بەپاڕاندنەوەوە)

ناتوانی لەتەنیشتمەوە

دانیشی

(بەدڵدانەوەوە)

هیچ کەسێک نایە

**ئەوی "مێ"**: دەزانم کە کەسێک دێ

لەدڵم گەڕاوە

ئێرە هێندە چۆڵە

کە کەسێک هەر دێ

کەسێک دێ

من دەزانم کە کەسێک هەر دێ

**ئەوی "نێر"**: نەخێر کەس نایە

هیچ کەسێک نایە

**ئەوی "مێ"**: هەمیشە کەسێک هەر دێ
یەکێک دێ
ئەو خانمە دێ
ئەوخانمە دێ و
ئالەوێدا
لێ یدادەنیشێ
سەیری چاوەکانت دەکا
من دەزانم
کەسێک هەر دێ
و ئەو خانمەش دێ و ئالەوێدا بە چاوەکانیەوە
دادەنیشێ
ئەو خانمە هەر لەوێشدا دادەنیشێ
و بەدزییەوە
سەیری چاوەکانت دەکا
من دەزانم
کەسێک هەر دێ
ئەو خانمە هەر دێ
منیش توانای ئەوەم نییە
من تاقەتی هاتنی کەسم نییە و
ئەو خانمەش هەر دێ
**ئەوی "نێر"**: ناتوانی لەسەر ئەم کورسییە



لەتەنیشتمەوە دانیشی
(ئەوی "مێ" لەتەنیشت ئەوی "نێر"ەوە لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ. ئەوی "نێر" دەست دەکاتە ملی ئەوی "مێ").
هیچ کەسێک نایە
ئەو خانمە نایە
کەسی تر نایە
ئێستا ئێمە بەتەنیاین
ئێستا ئێمە
پێکەوە لەگەڵ یەکتری
بەتەنیاین
پێکەوە بۆ یەک پەنابین
**ئەوی "مێ"**: (سەردەخاتە سەر شانی ئەوی "نێر")
ئێستا هەرخۆم و خۆتین
**ئەوی "مێ"**: خۆم و خۆت
**ئەوی "نێر"**: خۆم و خۆت
**ئەوی "مێ"**: بەڵام من نازانم
چونکە وا هەست دەکەم
کە کەسێک هەر دێ
یان لەوانەیە کە هەر ئێستا
کەسێک لێرە بێ
(بەپرسیارەوە)

لەوانەیە کەسێک لەژوورەوە لە خانووەکەدا بێ

بەپەرۆشەوە

ئیها

گوێت لێ نەبوو

(ئەوی "مێ" بەترسەوە سەیری ئەوی "نێر" دەکا، لەسەرکورسییەکە خۆی قیت دەکاتەوە. بەپرسیارکردنەوە)

ئەوە تەپەی پێنەبوو

(ئەوی "نێر" سەیری ئەو (مێ) دەکا، گوێ دەگری)

شتێک بوو

تەپەی پێ بوو

من گوێم لەشتێک بوو

(ئەوی "نێر" سەری دەلەقێنێ. بەپرسیارکردنەوە)

تۆش گوێت لێبوو

(ئەوی "نێر" سەری بۆ دەلەقێنێ)

تۆش گو ێت لێبوو

**ئەوی "نێر"**: (کەمێک ترساو دیارە)

بەڵێ

**ئەوی "مێ"**: کەسێک لێرەیە

کەسێک هات

**ئەوی "نێر"**: وابزانم گوێم لەتەپەی پێ بوو

**ئەوی "مێ"**: ئێستا گوێت لە هیچە



(ئەوی "نێر" سەربادەدا)

بەڵام ئێستا دەنگی شتێک هات

(ئەوی "مێ" سەیری دەوروبەری خۆی دەکا، ئینجا سەیری ئەوی "نێر" دەکا).

ئەوەتا گوێم لێیە دیسان

(ئەوی "نێر:" هەڵدەسێتە سەرپێ، سەیری ئەوی "مێ" دەکا).

**ئەوی** "نێر": ئەوە کەسێک هات

(ئەوی "نێر" دیسان دەڕوا بەرەو لای چەپی سووچی خانووەکە، سەیری پشتی سووچەکە دەکا، ئاوڕدەداتەوە، سەیری ئەوی "مێ" دەکا کە لەسەر کورسییەکە دانیشتووە و سەربادەدا).

**ئەوی "مێ"**: (بەپرسیارەوە)

کەس نییە

(ئەوی "نێر" دووبارە سەر بادەدا، ئاوڕدەداتەوە بۆ پشتی سووچەکەو دەڕوانێ، ئینجا دیسان ئاوڕدەداتەوەو سەیری... ئەوی "مێ" دەکا).

**ئەوی "نێر"**: دەچم کەمێک سەیری دەوروبەری خانووەکە دەکەم

(ئەوی "مێ" سەری بۆ دەلەقێنێ. ئەوی "نێر" لەسەرخۆ دەچێتە پشتی سووچی خانووەکەوە، دیارنامێنێ. ئەوی "مێ" لەسەرکورسییەکە دەمێنێتەوە، سەیری دەوروبەری خۆی دەکا.) ئینجا ئەوی "مێ" هەڵدەسێتە سەرپێ، دەچێ بەرەو سەر سووچی خانووەکەی ئەوی "نێر" هەر ئێستا چووە پشتییەوە دیارنەما. سەیری ئەوی "نێر" دەکا.)

**ئەوی "مێ"**: (کەمێک بە دەنگی بەرز، بەپرسیارکردنەوە)

هیچ نییە

هیچ نابینی

هیچ شتێ

**ئەوی "نێر"**: (لەپشتی سووچی خانووەکەوە)

نەخێر

(ئەوی "مێ" ئاوڕدەداتەو و بەرەو پێش دەرگای خانووەکە دەڕوا).



## II

**ئەوی "مێ"**: (بەرەو پێش دەرگاکە دەڕوا. دەبینێ پیاوێک لەلای سووچی ڕاستی خانووەکەوە دەردەکەوێ. پیاوەکە تەمەنی لە کۆتاییی بیستەکاندایە، پیاوێکی ئاسایی. ئەوی "مێ" سەیری پیاوەکە دەکا و پاشان سەیری بەردەمی خۆی دەکا. ئەوی "مێ" دیسان سەربەرز دەکاتەوە و سەری بۆ دەلەقێنێ (وەک سەلام لێکردن وەرگێڕ). پیاوەکەش سەری بۆ دەلەقێنێ. ئینجا پیاوەکە بە بەر خانووەکەدا بە دەم تەماشاکردنی ئەوی "مێ" وە دێ. ئەوی "مێ" سەیری دەکا. پیاوەکە لێ ینزیک دەبێتەوە، لەبەردەمیدا ڕادەوەستێ.)

**پیاوەکە**: (بەلەخۆباییبون و کەمێک کەشوفشەوە)

تۆی کە خانووەکەت کڕیوە

(ئەوی "مێ" سەیری پیاوەکە دەکا)

بیستم کە کەسێک

خانووەکەی کڕیوە

هەر بۆ پیاسە سەرێکم دا

خانووەکە هەتا ئێستا بەتاڵبوو

تەواو لەداڕووخانا بوو

و لەپڕێکدا کەسێک

ویستی بیکڕێ

من کە خانووەکەم فرۆشت
هەر دەمویست ببینم
کێ خانووەکەی کڕیوە
(ئەوی "مێ" سەیری بەردەمی خۆی دەکا)
خانووەکەم بەمیراتی بۆ مابوووە
کەسوکارم لێرە دەژیان
بەڵام چەند ساڵێک لەمەوبەر
نەنکم مرد
ئەو دوایەمین کەس بوو کە لە خانووەکەدا دەژیا
هەر لە دوای مردنی نەنکم خانووەکە بەچۆڵی مایەوە
دووربوو
زۆر کۆنیش بوو
زۆر زەحمەت بوو فرۆشتنی
بەڵام ئیتر فرۆشرا
لەو باوەڕەدا نەبووم
کە بتوانم بیفرۆشم
**ئەوی "مێ":** کەواتە تۆی خانووەکەت فرۆشتووە
(پیاوەکە سەر دەلەقێنێ.) [پشوو.] (بەپرسیارکردنەوە)
تۆ خۆت لێرە دەژیای
**پیاوەکە:** نەخێر باوکم
دایک وباوکی باوکم



ئالێرەدا
(هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە)
لەم خانووە دا دەژیان
**ئەوی "مێ":** خانوویەکی تەواو کۆنە
**پیاوەکە:** بەڵێ
تەواو نازانم
چەند کۆنە
بەڵام دڵنیام
لەوەی کە کۆنە
**ئەوی "مێ":** خانوویەکی کۆنی جوان
**پیاوەکە:** بەڵام من خۆم نامەوێ
لێرەدا بژیم
**ئەوی "مێ":** ناتەوێ
**پیاوەکە:** نەخێر خانووەکە کۆنە
**ئەوی "مێ":** (بەپرسیارکردنەوە)
زۆر زەحمەتیش بوو فرۆشتنی
**پیاوەکە:** بەڵێ زەحمەت بوو
(ئەوی "مێ" دەڕواو لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ. پیاوەکە ڕاوەستاوەو سەیری ئەوی "مێ" دەکا، ئینجا ئەویش دەڕوا و لەتەنیشت ئەوی "مێ" وە دادەنیشێ . ئەوی "مێ" سەیری پیاوەکە دەکا.)
**ئەوی "مێ":** لەم نزیکانە دەژیت

**پیاوەکە:** بەڵێ زۆر دوورنا لێرەوە

[پشوو.]

( پیاوەکە سەیری ئەوی "مێ" دەکا، بەپرسیارەوە)

تۆش دەتەوێ لێرە بژیت

(ئەوی "مێ" سەردەلەقێنێ)

لەوانەیە لێرەدا ژیانکردن تەنیایی بێ

(ئەوی "مێ" دووبارە سەردەلەقێنێ)

ئەوەندە خەڵک لەم دەوروبەرە نییە

تەقریبەن خەڵکی لێنیە

**ئەوی "مێ":** بەڵێ خەڵک لێرە کەمن

**پیاوەکە:** تەقریبەن کەس لێرە ناژی

[پشوو]

ئەوی "مێ" و پیاوەکە دانیشتوون و سەیری بەردەمی خۆیان دەکەن. ئەوی "نێر" دێتە سەر سووچی لای چەپی خانووەکەوە، سەیری پشتی سووچەکە دەکا، تەواو سەیر دەکا، ئەوی "مێ" سەرهەڵدەبڕێ و سەیری پیاوەکە دەکا. ئەوی "نێر" خۆی دەشارێتەوە، پشت بە دیوارەکەوە دەنێ ، ڕەپ ڕادەوەستێ لەسووچەکەدا. ئەوی "نێر" ڕادەوەستێ و سەیری بەردەمی خۆی دەکا، گوێ ناگرێ، بەڵام هەرچییەک بوترێ گوێی لێیە)

بەڵام بەهەرحاڵ من لێرە دەژیم

زۆر لێرەوە دوورنا

تۆزێک لێرەوە دوور



(پیاوەکە پێدەکەنێ)

**ئەوی "مێ":** بەڵێ

**پیاوەکە:** بەڵێ من لێرە لەم نزیکانەوە دەژیم

(پیاوەکە سەیری ئەوی "مێ" دەکا. کەمێک بەگاڵتەکردنەوە

لەوانەیە بتوانین ئامشۆی یەکتری بکەین)

(ئەوی "مێ" سەیری پیاوەکە دەکا، سەر بادەدا)

نا وا مەڵێ

کەسی تر لێرە نییە

منیش ئەوەندە خراپ نیم

باپێت بڵێم

(ئەوی "مێ" ڕێک سەیری بەردەمی خۆی دەکا. پشوو. لەپاڵ سووچی خانووەکەدا ئەوی "نێر" وەستاوە، نائارامانە، خەریکە دەچێتە پێشەوە، خۆی دەگرێ)

نەخێر هەردەمویست بزانم ئاخۆ

کەسێک هاتووە بۆ خانووەکە

**ئەوی "مێ":** بەڵێ

(پیاوەکە سەیری ئەوی "مێ" دەکا. ئەوی "مێ" سەیری پیاوەکە).

**پیاوەکە:** هەر حەزم دەکرد بزانم

کێ خانووەکەی کڕیوە

**ئەوی "مێ":** بەڵێ تێ دەگەم

**پیاوەکە:** من هەموو ڕۆژێک

خانوو نافرۆشم
(بەبەخۆنازینەوە)
ئێستا پارەم هەیە
**ئەوی "مێ":** بەڵێ پارەت هەیە
**پیاوەکە:** بەڵێ ئێستا پارەی چاکم هەیە
**ئەوی "مێ":** (کەمێک بەترسەوە)
تۆ ئەوەندە لێرەوە دوور نیت
(ئەوی "مێ" سەیری ناو چاوی پیاوەکە دەکا)
**پیاوەکە:** نەخێر
زۆر لێرەوە دوورنیم
(بەعیشوەوە)
ها حەز
**ئەوی "مێ":** (قسەکەی پێ دەبڕێ)
نەخێر
نەخێر
(لە پاڵ سووچی خانووەکەدا ئەوی "نێر" ڕاوەستاوە و بەرە بەرە نائارامیی زیاتر دەبێ، وەک پاڵ بەخۆیەوە بنێ بەرەو پێشەوە، لەسووچەکە دێتە دەرەوە، دەڕواتە بەردەمی خانووەکە، سەیری ئەو دووانە دەکا کە لەسەر کورسییەکە دانیشتوون. ئەوی (نێر) ڕادەوەستێ، سەیری بەردەمی خۆی دەکا. ئەوی "مێ" سەیری ئەوی "نێر" دەکا.)
**ئەوی "مێ":** (بە شڵەژاوییەوە)



ئەمە خاوەنەکەی جارانی خانووەکەیە
خانووەکامان لەم کڕیوە
(پیاوەکە هەڵدەسێتە سەرپێ، بەرەو ڕووی دەڕوا. بەخێرایی دەڵێ باپیری لێرەدا ژیاوە).
(بەدوودڵییەوە، روویکردووتە پیاوەکە.)
باپیرت بوو یان...
**پیاوەکە:** بەڵێ باپیریشم
بەڵام ئەو دەمێکە مردووە
چەند ساڵێک لەمەوبەر
من باپیرمم بیرنایەتەوە
بەڵام نەنکم هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر
لێرەدا دەژیا
هەتا مرد
(پیاوەکە لەبەردەمی ئەوی "نێر" دا ڕادەوەستێ)
هەر حەزم کرد سەڵاوتان لێ بکەم
(ئەوی "نێر" ڕاوەستاوەو سەیری بەرپێی خۆی دەکا)
**ئەوی "نێر":** ئێمە ئێستا هاتووین
**پیاوەکە:** بەدڵنیاییەوە ئێوە دەتانەوێ
کەمێک بحەسێنەوە
(پیاوەکە سەیری ئەوی "نێر" دەکا)
کەواتە من دەتوانم تۆزێکی تر

بێمەوە

ئەوکاتە ماڵەکاتان پێ نیشان دەدەم

**ئەوی "مێ"**: بەخێرایی

کەسی تر

لێرە

مەبەستم لەم نزیکانە دەژی

(پیاوەکە لە ئەوی "مێ" نزیک دەبێتەوە و بەسەربادانەوە لەبەر
دەمی کورسییەکدا دەوەستێ.)

**پیاوەکە**: نەخێر کەس لەم نزیکانە نییە

با ڕاوەستە

(بەدوودڵییەوە)

بەڵێ هەر من

بەتاقی تەنیا

(ئەوی "مێ" سەیری بەرپێی خۆی دەکا.)

[پشوو.]

(پیاوەکە دەچێتە پێش خانووەکە)

کەواتە دوای تۆزێکی تر دەگەڕێمەوە

من

ئەم ئێوارەیە لەوانەیە داوەتی خواردنەوەتان بکەم

چونکە من ئێستا پارەم هەیە

(پیاوەکە پێ دەکەنێ. کە دەستی بەرز دەکاتەوە و بەیبایان لێ



دەکا، ئەوی "نێر" وئەوی "مێ" سەریانی بۆ دەلەقێنن، ، پاشان
پیاوەکە بەلای ڕاستی سووچی خانووکەدا دەڕواتە دەرەوە.
ئەوی "نێر" دەڕوا لەسەر قەراغی کورسییەکە دوور لەوی (مێ)
دادەنیشێ. ئەوی "نێر" سەیری بەردەمی خۆی دەکا. ئەوی "مێ"
لەسەرخۆ سەیری ئەوی "نێر" دەکا.)

[پشوویەکی درێژ.]

**ئەوی "نێر"**: (کەمێک بە هەڵلەرزینەوە)

تۆ داوات لێی کرد لەسەر کورسییەکە لە تەنیشتیەوە

دانیشێ

**ئەوی "مێ"**: نەخێر نەخێر

**ئەوی "نێر"**: کەواتە لەخۆیەوە هات و

دانیشت

(بە تەنزەوە)

هەروا بەبێ هیچ شتێک هات و

لەخۆیەوە لەسەر کورسییەکە

لەتەنیشت تۆوە دانیشت

(ئەوی "مێ" بێ چاوترووکاندن سەیری بەردەمی خۆی دەکا).

کەواتە ئەوە حەزێکی پەنهان بوو.

بێ قسە ناردت

دەبێ بێیت و جووت

لەتەنیشتمەوە دابنیشی

کە واتە تۆ ئەوەت وتوە

بەبێ وتن وەک تۆ

خووت پێوە گرتووە

**ئەوی "مێ"**: نەخێر وازبێنە

زۆر دەترسم

**ئەوی "نێر"**: نا هیچت نەکردووە

هەتا بۆ تەنیا جارێکیش چاوت نەبڕیبووە ناو چاوی

بەتووڕەیییەوە

بەدرێژایی لیرە بوونی چاوت بڕیبوە ناو چاوی

یان هەر وەکو بڵێی کە من هاتم

ئینجا چاوت بڕییە ناو چاوی

(ئەوی "نێر" نائومێدانەوە سەربادەدا).

**ئەوی "مێ"**: نا تکایە

زۆر دەترسم

**ئەوی "نێر"**: (بەتووڕەبوونی زیاترەوە)

هەر وەک بڵێی کە من هاتم

ئینجا تۆ دەتویست

بچیتە پاڵییەوە

**ئەوی "مێ"**: من نەچووبوومە پاڵییەوە

**ئەوی "نێر"**: من بینیم

بە چاوی خۆم

من بینیم کە تۆ لە پەنایدا پاڵت پێوە دابوو



کەمێک بە نەرمی

من بینیم

**ئەوی "مێ"**: (کەمێک بە نائومێدییەوە)

من وام نەکردووە

**ئەوی "نێر"**: ئەوت بە دڵ بوو

**ئەوی "مێ"**: نە بەدڵم بوو نە ڕقیشم لێی

بوو

**ئەوی "نێر"**: بە دڵت بوو

**ئەوی "مێ"**: بەڵێ وەک شتێک ئەوم بەدڵ بوو

(ئەوی "نێر" هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە پێش خانووەکە).

بینیمی لەوێدا دانیشتبووی

چاوت زەق کردبووەوە

ئەو دەبێ چاوەڕێی کردبێ هەتا من بچمە پشت خانووەکەوە

ئینجا بێتە

پێش خانووەکە

بۆ ئەوەی بە تەنیا

قسەت لە گەڵ بکا

(ئەوی "نێر" بە پەشۆکاوییەوە سەر بادەدا)

وە ئەو

دووبارە دیتەوە

(ئەوی "نێر" پەشۆکاوە وبەحاڵ هەناسەی بۆدەدرێ)

ئیتر هەموو جارێک دێ
(ئەوی "نێر" دەچێ لەنزیک ئەوی "مێ" وە ، لەسەر کورسییەکە
دا دەنیشێ).
ئەو لیرە بە تەنیا دەژی و
هەرگیز واز
لە من و تۆ ناهێنێ
پێکەوە بین
(ئەوی "نێر" سەیری ئەوی "مێ" دەکا)
ئێمە خانووەکەمان لەو کڕیوە
(ئەوی "نێر" هەڵدەسێتە سەرپێ)
شەیتان بەنەعلەت بی
خزمەکانی ئەمە
لەم خانووەدا ژیاون کە
ئێمە ئێستا دەمانەوی تێیدا بژین
(ئەوی "نێر" بە پەشۆکاوییەوە سەیری ئەوی "مێ" دەکا
ئەو خانووەی ئێستا ئێمە دەبێ تیایدا بژین)
(هێمنانەتر)
ئینجا تۆش کە لەویادا دانیشتبوویت و چاوت
بڕیبووە چاوی
بی چاو تروکاندن چاوت خستبووە
ناو چاوی



بەتووڕەیییەوە
لەسەرکورسییەکە خۆت دەخزاندە پاڵی
(ئەوی "نێر" سەیری بەردەمی خۆی دەکا.)
[پشوو]
ئەو دووبارە دێتەوە
دووبارە دێتەوە
ئەو هەر دەبێ بێ
(ئەو دەست دەکا بەهاتووچۆکردن لە پێش خانووەکەدا.)
[پشوو.]
لەسەرخۆ
تۆ دەتزانی کە کەسێک هەر دەبێ بێ
منیش بەشیوەیەک ئەوەم دەزانی
بەڵام هەر نەمدەویست بیزانم
تۆ تەواوی کات ئەوەت دەزانی
(ئەوی "نێر" دەوەستێ، سەیری ئەوی "مێ" دەکا.
بەتووڕەیییەوە.)
تۆ حەزدەکەی ئەو بێتەوە
ئەوەشی کە دەڵێی ناتەوێ
کەسێکی تر بێ تەنیا قسەیە
ئەگینا لە ڕاستیدا
لەوە زیاتر تۆ هیچی ترت ناوێ

(ئەوی "نێر" بە خۆبەدەستەوەدانەوە سەربادەدا)

**ئەوی "مێ"**: **(هێواش و بەئارامی)**

ئارام بەرەوە

(ئەوی "نێر" هەر خەریکی هاتوچۆیە لە پێش خانووەکەدا)

بەسە ئیتر

ئارام بەرەوە

[پشوو.]

(بەگەشبینییەکی درۆزنانەوە)

ئێمە دەبێ بچینە ژوورەوە وسەیری خانووەکە بکەین

(ئەوی "نێر" هەر خەریکی هاتوچوویە بە بەردەمی خانووەکەدا ،ئەوی "مێ" هەڵدەسێتە سەرپێ. بەپاڕانەوەوە)

نەچینە

ژوورەوە بۆ ناوخانووەکە

**ئەوی "نێر"**: کەسێک هەر دەبوایە بهاتایە

(ئەوی "مێ" دەچێ بۆ لای ئەوی "نێر"، قۆڵی دەگرێ)

**ئەوی "مێ"**: وەرە

بابچینە ژوورەوە

(ئەوی "نێر" سەیری ئەوی "مێ" دەکا)

**ئەوی "نێر"**: نا مەوێ لێرە بژیم

بە پەشۆکاوی

نامەوێ لێرە بم

**ئەوی "مێ"**: (بەدڵخۆشیدانەوەوە، کەمێک بەترسەوە)



وەرە با بچینە ژوورەوە

**ئەوی "نێر"**: تۆ دەبووایە ئاوها قووڵ سەیری چاوەکانی بکەی

(قۆڵی ڕادەپسکێنێ، دەچێ لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ ئانیشکەکانی دەخاتە سەر ئەژنۆکانی، چەناگەی دەخاتە سەر دەستەکانی. تەواو بێ ئومێد) .

نا نا نا

(ئەوی "مێ" دێ لە تەنیشتییەوە لەسەرکوسییەکە دادەنیشێ.

**ئەوی "مێ"**: (بە گەشبینیەکی درۆزنانەوە).

باش دەبێ

(ئەوی "نێر" سەیری ئەوی "مێ" دەکا).

**ئەوی "نێر"**: (ڕاشکاوانە)

تۆم زۆر خۆش دەوێ

(ئەوی "نێر" باوەش بەوی (مێ) دا دەکا، توند بەخۆیەوە جووت دەکا، سەیری چاوەکانی دەکا. ئەوی "مێ" ش ئەوی "نێر" دەگرێتە ئامێز، لەسەر خۆ دەی لەنگێنێ).

**ئەوی "مێ"**: من و تۆ

(ئەوی "مێ" ناوچەوانی ئەوی "نێر" ماچ دەکا).

**ئەوی "نێر"**: من و تۆ

**ئەوی "مێ"**: من و تۆ

(ئەوی "نێر"سەیری ئەوی "مێ" دەکا، بە خۆبەدەستەوەدانەوە)

**ئەوی "نێر"**: هەمیشە دەبێ کەسێک بێ

**ئەوی "مێ"**: (بەدڵخۆشیدانەوەوە)

ئارام بە

من و تۆ

خۆت دەزانی

**ئەوی "نێر"**: ئا بەس لەسەر خۆبە

**ئەوی "مێ"**: ئێستا دەتوانین بچینە ژوورەوە بۆ ناو خانووەکەمان

(ئەوی "نێر" تەکان دەداتەخۆی)

**ئەوی "نێر"**: دەچینە ژوورەوە

(ئەوی "نێر" لەسەر کورسییەکە هەڵدەسێ. ئەوی "مێ" هەڵدەسێتە سەرپێ. دەستی یەکتری دەگرن وبەرەو ڕووی دەرگای خانووەکە دەڕۆن)

**ئەوی "مێ"**: (سەیری ئەوی "نێر" دەکا)

کلیلەکە بە تۆیە

(ئەوی "نێر" دەوەستێ، گیرفانەکانی دەگەڕێ، سەردەلەقێنێ. ئەوی "نێر" کلیلەکە لەگیرفانی دەردەهێنێ. دەچنە بەردەمی دەرگای دەرەوە. ئەوی "نێر" دەرگاکە بە کلیلەکە دەکاتەوە، دەرگاکە بۆ ئەوی "مێ" دەخاتە سەرگازی پشت تا بچێتە ژوورەوە. ئەوی "مێ" دەچێتە ژوورەوە. ئەوی "نێر" بە دوای ئەوی "مێ" دا دەچیتە ژوورەوە، دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخا، وا دیتە گوێ کە ئەوی "نێر" لەو دیوەوە دەرگاکە کلیل بداو بۆ ئەوەی بزانێ ئایا دەرگاکە داخراوە، ڕای دەوەشێنێ.)



## III

(ئەوی "مێ" لە ڕاڕەوەکەوە دێتە ناو مووبەقێکی کۆنی گەورە و لاکێشەوە. ئەوی "نێر" بەدوای ئەوی "مێ" دا دێتە ژوورەوە، دووبارە دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخا.)

**ئەوی "مێ"**: (بە خۆشحاڵییەوە سەیری ئەوی "نێر" دەکا)

سەیری ئەو مێزی نانخواردنە گەورە جوانە بکە

(ئاماژە بۆ مێزێکی مووبەقی درێژکۆڵەی سواوی لەدار دروستکراو دەکا کە بەدرێژاییی دیوارەکورتەکەی ناو مووبەقەکە، دانراوە.)

لەسەر ئەو مێزە دەتوانین دابنیشین و نان بخۆین

ڕێک بەرامبەر یەکتری

دابنیشین ونان بخۆین

(ئەوی "مێ" سەیری ئەوی "نێر" دەکا)

دانیشین

(ئەوی "مێ" دەچێ لەسەر یەکێک لەو کورسییە دارە سواوانەی کە بەڕیز لە لایەکی مێزی مووبەقەکەدا دانراون دادەنیشێ. ئەوی "نێر" بەدوایدا دەڕوا، ڕێک بەرامبەری ئەوی "مێ" لەسەر کورسییەکی درێژی لەدار دروستکراوی سواو کە بەدرێژیی لاکەی تری مێزەکە دانراوە، پاڵ دراوەتەوە بە دیوارەکەوە دادەنیشێ).

بەم جۆرە دەتوانین چەندها بەیانی دابنیشین

چونکە ئێمە ئێستا لە خانووەکەی خۆمان داین

لێرە هەر تەنیا هەردووکمان پێکەوە دەبین

لێرە ئێمە هەردووکمان پێکەوە دەبین

بە تەنیا پێکەوە

بەتەنیا بۆیەکتری دەبین

کەسیش بۆ ئێرە نایە

**ئەوی "نێر"**: بەڵێ تەنیا ئێمە هەردووکمان پێکەوە

**ئەوی "مێ"**: من و تۆ

**ئەوی "نێر"**: من و تۆ

(ئەوی "نێر" هەڵدەسێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەی مووبەقەکەوە، کە لەناوەڕاستی دیوارەکەدایە و بەسەر پێش خانووەکەدا دەڕوانێ، ئەوی "نێر" سەیری دەرەوە دەکا، بەهەموو لایەکدا). [پشوو.]

**ئەوی "مێ"**: هیچ دەبینی

**ئەوی "نێر"**: نەخێر

(ئەوی "نێر" ئاوڕدەداتەوە بۆ لای ئەوی "مێ")

لەو باوەڕەدانیم

قسەکەی دەبڕێ

**ئەوی "مێ"**: ئەوە چییە

**ئەوی "نێر"**: نا هیچ نییە

**ئەوی "مێ"**: (بەهاندانەوە)



سەیری ئەو تەباخە کۆنە کە

(ئەوی "مێ" پەنجە بۆ تەباخەکە ڕادەکێشێ. ئەوی "نێر" سەر دەلەقێنێ).

سەیری ئەو بەفرانگە[٢] کۆنە بکە

(ئەوی "مێ" پەنجە بۆ بەفرانگەکە ڕادەکێشێ)

باوەڕناکەم لەمەوپێش

بەفرانگەیەکی ئەوەندە کۆنم بینیبێ

سەیرە کە ئیش دەکا

هەروابێتەوە پەردەکان

و ئەو بۆ کۆنەی لێرە دێ

(ئەوی "مێ" لەدەوروبەری خۆیدا بە ژوورەکەدا دەڕوانێ)

ئێمە دەمانەوێ لێرە بژین

خانووەکەمان کڕیوە

ئەم شتانەشمان هەمووی کڕیوە

و ئێستا دەمانەوێ پێکەوە بین

بە تەنیا بین

پێکەوە لەگەڵ یەکتری بین

و کەسیش بۆ ئێرە نایە

(ئەوی "نێر" دووبارە لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا. ئەوی "مێ" سەیری ئەوی "نێر" دەکا. وەک باوەڕی تەواوی بەقسەکانی

---

(٢) بەفرانگە: وشەیەکی کوردی لەبارە لەباتی "ثلاجە"ی عەرەبی، یان "یخچال"ی فارسی. لە پێشنیارەکانی مامۆستا مەسعود محەمەدەوە وەرگێراوە. وەرگێڕ.

نەبێ).

ئێمە دەبێ پێکەوە بین

(بەباوەڕێکی کەمەوە)

بە تەنیا تۆ و من

(بەباوەڕێکی کەمێک زیاترەوە)

بێ کەسی تر

(بەباوەڕی تەواوەوە)

هیچ کەسێکی تر نایە

(ئەوی "نێر" هێشتا لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا).

**ئەوی "نێر":** (لەسەرخۆ)

دیسان ئەوەتا لەوێدایە

**ئەوی "مێ":** نا گاڵتەدەکەی

(بەحەماسەوە لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا).

**ئەوی "نێر":** پێم وابێ ئەوبوو بینم

**ئەوی "مێ":**

خۆ ئەو ئێستا ڕۆی

(ئەوی "نێر" سەیری ئەوی "مێ" دەکا)

**ئەوی "نێر":** بەڵێ بەڵام من دڵنیام لەوەی

کە ئەوەی من لەبەردەرگاکەدا بینیم ئەو بوو

لەلای

قسەکەی دەبڕێ



**ئەوی "مێ":** نابێ ئەو بێ

(ئەوی "نێر" دووبارە لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا)

**ئەوی "نێر":** بەڵام من لەو باوەڕەدام کە

ئەو بوو

(ئەوی "مێ" دەڕوا بۆ لای پەنجەرەکەوە، لەتەنیشتی ئەوی "نێر"ەوە ڕادەوەستێ، دەست دەخاتە سەر شانی ئەوی "نێر" و سەیری دەرەوە دەکا).

شتێکم بینی

دەبێ هەر ئەو بێ

(ئەوی "مێ" لەسەر لا سەیری ئەوی "نێر" دەکا)

**ئەوی "مێ":** حەزدەکەی بچمە دەرەوە سەیرکەم

بزانم ئەوە

(ئەوی "نێر" بە بێ هیوایانەوە سەیری ئەوی "مێ" دەکا، ترس لەچاوەکانیدایە).

**ئەوی "نێر":** نەخێر

(ئەوی "مێ" سەیری بەرپێی خۆی دەکا. بە نائومێدییەوە)

دەتەوێ ببینی

ناتەوێ لەگەڵ من

بی

دەتەوێ ببینی

**ئەوی "مێ":** (کەمێک بە ترسەوە)

قسەی هیچ مەکە

ئیتر

[پشوو]

دەزانی کە وا نییە

[پشوو]

تۆ خۆت دەتوانی بچیتە دەرەوە

[پشوو.]

(بە گەشبینیەکی درۆزنانەوە)

یان با بڕۆین و سەیری

ئەو شتە کۆنانە بکەین

کە لە خانووەکەماندایە

دەتوانین وا بکەین

**ئەوی "نێر"**: بەڵام دڵنیام کە دیم

(بێ دەنگ)

(ئەوی "نێر" دەوەستێ و گوێ دەگرێ. ئەوی "نێر" سەیر ئەوی "مێ" دەکا. بەسووکی و بە پرسیارکردنەوە).

گوێت لە هیچ بوو

(ئەوی "مێ" سەری بادەدا ، بە دەنگێکی کەمێک بەرزتر).

هیچ

(ئەوی "مێ" دووبارە سەربادەدا. ئەوی "نێر" دووبارە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا. لە دەرگا دەدرێ. ئەوی "نێر" بە ترسەوە سەیری ئەوی "مێ" دەکا. ئەوی "مێ" بە چاوی پڕ لەترسەوە سەیری ئەوی "نێر" دەکا. ئەوی "نێر" سەر بادەدا و



دووبارە دەچێ لە سەرکورسییە درێژەکە دادەنیشێ. ئەوی "مێ" ش دەچێ لەسەر کورسییەکەی بەرامبەری دادەنیشێ. دووبارە توندتر لەجاری پێشوو لە دەرگا دەدرێ. ئەوان بێ دەنگ دانیشتوون، سەیری یەکتری دەکەن.)

**ئەوی "مێ"**: (بەسووکی)

نایکەینەوە

(ئەوی "نێر" سەر بادەدا. بە ورەوە.)

وازی لێ دەهێنین با هەر لەوێدا بوەستێ

(ئەوی "نێر" سەر دەلەقێنێ. دووبارە لە دەرگا دەدرێ.)

با بۆ خۆی هەر لەوێدا بوەستێ و

لە دەرگا بدا

پێویست ناکات ئێمە دەرگا بکەینەوە

خانووی خۆمانە

ئێمە تەنیا لەو کەسەی کە خۆمان دەمانەوێ دەرگا دەکەینەوە

(ئەوی "نێر" ئانیشکەکانی دەخاتە سەر مێزی مووبەقەکە، دەموچاوی دەخاتە ناو دەستەکانیەوە).

ئێمە پێویست ناکا دەرگا بکەینەوە

[پشوو]

ئێمە تەنیا لەوەی خۆمان دەمانەوێ دەرگا دەکەینەوە

(ئەوی "نێر" دەستەکانی لەسەر دەموچاوی لادەبا و دەیانخاتە سەر مێزەکە، سەیری ئەوی "مێ" دەکا)

**ئەوی "نێر"**: هەرگیز بۆ ئێمە نالوێ پێکەوە بین

تۆ چاک دەتزانی

کە کەسێک هەردەبێ بێ

دووبارە لە دەرگا دەدرێ

**ئەوی "مێ"**: (بە پرسیارکردنەوە)

پێویستە دەرگا بکەینەوە

**ئەوی "نێر"**: تۆ حەزدەکەی کە دەرگاکە بکەینەوە

زۆر حەزدەکەی

قسەکەی دەبڕێ

**ئەوی "مێ"**: پێویست ناکات دەرگا بکەینەوە

(دادەنیشن و سەیری یەکتری دەکەن)

وەکو بزانی ڕۆی

**ئەوی "نێر"**: لەوانەیە

[پشوو]

یان لەوانەیە هەر وەستابێ و لەدەرەوە لە پێش خانووەکەدا

چاوەڕێ بکا

لەوانەیە

لەبەر دەرگاکەدا وەستابێ

**ئەوی "مێ"**: وابزانم ڕۆی

(بە تین وگەرمییەوە)

ئیتر ئەو

نایەتەوە



هەتا چەند ڕۆژێکی تر

ئیتر هەرگیز

نایەتەوە

**ئەوی "نێر"**: (بە شادییەوە)

لەو باوەڕەدای

(ئەوی "مێ" سەردەلەقێنێ)

**ئەوی "مێ"**: (کەمێک شاد)

وەرە با بڕۆینە ناو هۆڵەکەوە

چونکە ئەو ڕۆی

ئەو لە دەرگای دا

بەڵام ئێمە دەرگامان لێ نەکردەوە

و ئەویش ڕۆی

ڕۆی

**ئەوی "نێر"**: لەوانەیە ڕۆیشتبێ

**ئەوی "مێ"**: من دەزانم ڕۆی

ئێستا دەتوانین بچینە هۆڵەکەوە

(ئەوی "مێ" قۆڵی ئەوی "نێر" دەگرێ، ئەوی "نێر" هەڵدەسێتە سەرپێ. ئەوی "مێ" ئەوی "نێر" بەرەو هۆڵەکە ڕادەکێشێ).

**IV**

(بەو شێوەیەی ئەوی "مێ" قۆڵی ئەوی "نێر"ی گرتووە، دەڕۆنە ناو هۆڵێکی کۆنەوە کە داری دیوارەکانی لە کۆنیدا زەرد بوون)

**ئەوی "مێ"**: ئێستا تەواو سەیری
هەموو شتەکانی ناو
هۆڵەکە دەکەین

**ئەوی "نێر"**: (کەمێک بەبێ هیواییەوە)
(بەڵام ئەو لەوێدا لەبەردەمی دەرگاکە
وەستاوە)
(وەستاوە وچاوەڕوانە)
هاکا دووبارە لە دەرگای دایەوە

**ئەوی "مێ"**: لەوباوەڕەدام کە ئەو ڕۆی

**ئەوی "نێر"**: (دلێرانە)
دەرگاکە قفڵە
با هەر لە وێدا بوەستێ

**ئەوی "مێ"**: با هەر لەوێدا بوەستێ
(ئەوی "مێ" چاو بە هۆڵەکەدا دەگێرێ).
ئێرە تا ڕادەیەک جوانە
هۆڵەکە جوانە



سەیری ئەو هەموو وێنانە بکە بە دیوارەکانەوە
(هەردووکیان بە هۆڵەکەدا دەگەڕێن و سەیردەکەن)
شتەکان تاڕادەیەک چەندها ساڵ لەمەوبەر
چۆن بوون
هەر ئاومان
(ئەوی "مێ" بە گرنگیپێدانەوە دەگەڕێ و سەیردەکا، لەبەردەمی وێنەی ئافرەتێکی گەنجدا، کە بەدیوارە درێژەکەی بەرامبەرییەوە هەڵواسراوە دەوەستێ).
ئەو وێنەیە لەوێدا
بە دیوارەکەوە
(پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ)
دەبێ وێنەی ئەو خانمە بێ
کە پێش ئێمە لێرەدا بووە
وێنەی نەنکی...
(قسەکەی دەبڕێ، سەیری ئەوی "نێر" دەکا)
(بەخێرایی)
ئەوە ئەوە لەوێدا
(پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ)
لەوێدا
دەی بینی بەدیوارەکەوە
ئەو ئافرەتە گەنجەی

لەوێنەکەدایە

دەبێ وێنەی نەنکی

بێ

بەگەنجی

(ئەوی "مێ" قۆڵی ئەوی "نێر" بەرەڵڵا دەکا، دەڕوا بەرەو وێنەکە، لەبەر دەمی وێنەکەدا دەوەستێ. ئەوی "نێر" لەجێگەی خۆیدا ڕادەوەستێ. ئەی (مێ) تەماشای وێنەکە دەکا.

[پشوو]

دەبێ ئافرەتێکی شۆخ بووبێ کاتی خۆی

**ئەوی "نێر"**: (بەنائومێدییەوە)

بەدڵنیاییەوە ئەو ئێستا لەبەر دەرگا وەستاوە

هاکا لە دەرگای دا

بێ هیوایانە

بۆتۆ لەپێشدا نەتگوت

کە کەسێک هەر دەبێ بێ

(ئەوی "مێ" ئاوڕ لەوی (نێر) دەداتەوە)

**ئەوی "مێ"**: با هەر لەوێدا بوەستێ

(ئەوی "نێر" سەیری بەرپێی خۆی دەکا).

**ئەوی "نێر"**: تۆ پێت وایە

کە ئەو جوانە و

لە نەنکی دەچێ



**ئەوی "مێ"**: کوا هیچ

لە نەنکی

ناچێ

(ئەوی "نێر" پێ دەکەنێ. ئەوی "مێ" دووبارە ڕوو دەکاتەوە وێنەکە) .

**ئەوی "نێر"**: تۆ زۆر باشت لە بیرە

ئەوچۆن چۆنی بوو

(ئەوی "نێر" بەرەو وێنەکە دەڕوا، سەیری دەکا. سەیری ئەوی "مێ" دەکا.)

بەتەنزەوە

من بزانم کەمێک لە کاتی گەنجێتیی

نەنکی دەکا

[پشوو]

ئێستا بەدەوری خانووەکەدا هاتوچۆ دەکا

(ئەوی "مێ" دەڕواتەوە ناوەندی ژوورەکە. ئەوی "نێر" ئاوڕی لێ دەداتەوە).

تۆ دەڵێی چی

لە نەنکی دەچێ

**ئەوی "مێ"**: من نازانم

**ئەوی "نێر"**: زۆر بەوردی تەماشای دەموچاویت دەکرد

(ئەوی "مێ" وا پیشان دەدا کە گوێی لێ نییە، خۆی بە تەماشاکردنی هۆڵەکەوە خەریک دەکا).

**ئەوی "مێ"**: ئەوەتا

(سەیری وێنەی بووک و زاوایەک دەکا کە بەدیوارە کورتەکەی لای چەپەوە هەڵواسراوە).

ئەوە وێنەی بوکێنییەکەیەتی

(پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ)

ئەوە

دەبێ وێنەی بووکێنییەکەی بێ

(ڕاستەوخۆ)

پیاوەکەش قۆزە

(ئەوی "مێ" دەڕوا بەرەو وێنە هەڵواسراوەکە، لێی نزیک دەبێتەوە، ورد تەماشای دەکا. ئەوی "مێ" ئاوڕ لەوی (نێر) دەداتەوە. هەروەک بڕیاربدا).

هەر دووکیان جوانن

(ئەوی "نێر" سەر دەلەقێنێ، دەچیتە لای ئەوی "مێ" وە و جووت لە تەنیشتییەوە ڕادەوەستێ).

کەپلێکی جوانن

و زۆر گەنج بوون کە یەکترییان خواستووە

**ئەوی "نێر"**: (کەمێک بە گرنگیپێدانەوە)

وابزانم کەمێک لەوان دەچێ

هەم لە نەنکی و هەم لە باپیری

بەڵام هەردووکیان

گەنجترن لەم وێنەیەدا



**ئەوی "مێ"**: بەڵێ گەنجن

(بە دوودڵییەوە)

وابزانم لە بیست ساڵ زیاتر نین

**ئەوی "نێر"**: ئافرەتەکە گەنجترە

**ئەوی "مێ"**: ئەوان وەک

ئێمە نین

**ئەوی "نێر"**: تۆ یشتا ئەوەندە گەورە نیت

**ئەوی "مێ"**: تازە

ئەوندەش منداڵ نیم

(ئەوی "مێ" دەستێکی بەدەوری پشتی ئەوی "نێر"دا دەهێنێتەوە، خۆی دەخزێنیتە تەنیشت ئەوی "نێر".

[پشوو.]

(ئەوی "مێ" سەیری ئەوی "نێر" دەکا).

من ئەوەندە شادمانم

کە ئێمە

بەیەک گەیشتین

زۆری پێ چوو هەتا من

بەکەسێک گەیشتم

لە گەڵیدا بحەسێمەوە

[پشوو]

لە گەڵ یەک بحەسێینەوە

بەتەنیا پێکەوە

لەگەڵ یەکتری بین

هەر ئەوە

تەواو ئێمە ئەوەمان دەوێ

دەمانەوێ لەگەڵ یەکتری

بحەسێینەوە

**ئەوی "نێر"**: ئێمە لەگەڵ یەکتری

دەحەسێینەوە

(ئەوی "مێ" سەر دەلەقێنێ.)

[پشوو]

ئەوی "نێر" خۆی لەدەستی ئەوی "مێ" ئازاد دەکا و دەچێتە لای دیوارە درێژەکەوە، بە تەنیشت وێنەی ئافرەتەکەوە وینەی کورێک لەکاتی تەعمیدکردندا هەڵواسراوە، ئەوی "نێر" لەبەر دەمی وێنەی کوڕەکەدا دەوەستێ. ئەوی "نێر" سەیری ئەوی "مێ" دەکا. کەمێک بە تەنزەوە)

ئەوە وێنەکەیەتی

بە چاکەت وپانتۆڵ و بۆینباخەوە

[پشوو.]

(بە دوودڵییەوە)

بەهەر حاڵ

سەیرە

پێش فرۆشتنی خانووەکە



وێنەی خۆی لانەبردووە

**ئەوی "مێ"**: بەڵێ زۆر سەیرە

(ئەوی "نێر" دەڕوا بەرەو لای ڕاستی دیوارە کورتەکەی ناو هۆڵەکە و دەرگایەک دەکاتەوە، سەیری ناو ژوورەکە دەکا)

**ئەوی "نێر"**: (سەیری ئەوی "مێ" دەکا)

ئەمە ئەو ژوورەیە کە ئەو خانمە

(بە دوودڵییەوە)

کە ئەو خانمە

تێدا نووست

بۆ کۆنی لێ دێت

بۆگەنی میزو پیسایی چەند

ساڵەی لێ دێت

و بۆیاخەکەی هەڵی داوە

تەختی نووستنەکەی ناڕێکوپێکە

(ئەوی "نێر"دەچێتە ژوورەکەوە. ئەوی "مێ" دەچێتە بەردەمی وێنەی تەعمیدکرنی کوڕەکە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە. ئەوی "نێر" لە ژوورەکەوە هاوار دەکا)

لەژێر قەرەوێڵەکەدا قەعدەیەکی

تا نیوە لە میزی کۆن و بۆگەن دانراوە

شتی وا دەبێ

(ئەوی "مێ" واز لە تەماشاکردنی وێنەی تەعمیدکردنەکە دەهێنێ.) (بەترسەوە)

بەڕاستی ئەوە قەعدەیەکی

تانیوە لە میزی کۆن

نییە

لەژێر قەرەوێڵەکەدا

شتی وا دەبێ

**ئەوی "مێ"**: (کەمێک خەیاڵ ڕۆیشتوانە)

قەعدەیەکی نیوە

لە میزی کۆن

**ئەوی "نێر"**: لە ژوورەکەوە

دەبێ خاڵیی بکەینەوە

**ئەوی "مێ"**: ئەم ماڵە

دەبێ

زۆر ئیشی تێدابکرێ

**ئەوی "نێر"**: لە ژوورەکەوە

ئێمە دەبووایە هەرگیز

ئەم خانووەمان لێرە نەکرێبایە

**ئەوی "مێ"**: هێشتا نازانرێ

(ئەوی "نێر" دیسان دێتەوە ناو هۆڵەکە، دەرگای ژوورەکە لەدوای خۆیەوە دادەخا. سەیری ئەوی "مێ" دەکا. ئەوی "مێ" هێشتا لەبەر دەمێ وێنەی کوڕەکەدا وەستاوە و تەماشای دەکا. ئەوی "مێ" تەماشای لە وێنەکەوە، دەگوێزێتەوە بەرەو لای ئەوی "نێر". ئەوی "مێ" دووبارە سەیری وێنەکە دەکاتەوە.



بەبیرکردنەوەوە.)

قەعدەیەکی نیوە لە میزی کۆن لە ژێر قەرەوێڵەکەدا

(ئەوی "نێر" سەر دەلەقێنێ، دەچێتە سەر قەنەفەیەکی بێ پشت، قەنەفەکە بە دیوارە کورتەکەی لای چەپەوە نراوە، لەژێر وێنەی بووک و زاواکەدا. ئەوی "نێر" لەسەر پشت، لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشێ وسەیری پێشەوەی خۆی دەکا. ئەوی "مێ" بەرەو لای ژوورەکە دەڕوا و دەرگاکەی دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە. لە ژوورەکەوە).

ئا بەڕاستی

نا

شتی وا نابێ

بۆنی پیسایی کۆنی لێ دێ

جێگەی سەر قەرەوێڵەکەش هەڵنەگیراوە

لەوە دەچێ ئەو سەرجێگەیە

نەگۆڕابێ

لە دوای ئەوەی

(بە دوودڵییەوە)

ئەو خانمە لەوێدا لێیڕاکشا و نووست

**ئەوی "نێر"**: بەدڵنیاییەوە ئەو خانمە لەوێدا مردووە

لەسەر ئەو قەرەوێڵەیە

هەربەو بەرگە سەرین ولێفەوسەرجێگەیەشەوە

(ئەوی "مێ" دووبارە دێتەوە ناو هۆڵەکە، دەرگای ژوورەکە

لەدوای خۆیەوە دادەخا)

**ئەوی "مێ"**: لەو باوەڕەدای

**ئەوی "نێر"**: دەتزانی کە

کەسێک هەر دەبێ بێ

تۆ بەوەت دەزانی

(ئەوی "مێ" بەرەو پەنجەرەی هۆڵەکە دەڕوا، پەنجەرەکە کەمێک لەلای ڕاستی دیوارە درێژەکەوەیە و لەلای ڕاستی وێنەی ئافرەت و کوڕە کەوەیە. لەبەر دەمی پەنجەرەکەدا دەوەستێ و سەیری دەریاکەی دەرەوە دەکا).

**ئەوی "مێ"**: (هەر وەک ئەوەی هەست بەبێزاری بکا)

ئەوش دەریاکەیە لە وێدا

تەنها دەریا

کەسی ترنا

تەنیا دەریا دەبینم و

هیچی ترنا

**ئەوی "نێر"**: کەسی تر نابینی

**ئەوی "مێ"**: تەنیا دەریا

**ئەوی "نێر"**: بەڵێ تەنیا دەریا

(کەمێک بە دڵخۆشییەوە)

زۆر چاکە

تەنیا دەریا دیاربێ

مایەی دڵنیاییە





تۆ و من لێرە و

لە دەرەوەش دەریا

دەبێ وابێ

دەبێ هەر

تۆ و من و دەریا

لێرەبین ئیتر کەسی ترنا

تەنیا تۆ و من و دەریا

کەسی ترنا

**ئەوی "مێ"**: بەڵام ئەو دەریایە زۆر گەورەیە

نە کەسێک

نەخانوویەک نابینرێ

لە دەریا زیاتر

(ئەوی "نێر" لەسەر قەنەفەکە خۆی دەخاتە سەر لا، پشت دەکاتە ئەوی "مێ"، بەڕاکشاوی سەیری دیوارەکە دەکا.)

[پشوو]

تۆ دڵگران مەبە

نایەڵم دڵگران بیت

(ئەوی "مێ" دەچێ بۆ لای قەنەفەکەوە، لەلایەوە ڕادەکشێ، باوەش بەوی (نێر) دا دەکا، توند خۆی بە پشتیەوە دەنووسێنێ (بە دڵنەوایی کردنەوە).

تەنیا من و تۆ

دەریاش

من و تۆ و دەریا
تۆ نابێ دڵگران بیت
چونکە من ئاگام لێت دەبێ
تۆ نابێ بترسی
دەشبینی
زۆر باش بەڕێوە دەچێ
هیچ هەڵەیەک
ڕوونادا
من و تۆ پێکەوە دەبین
دەمانەوێ تەواوی کات
پێکەوە بین
من و تۆ
پێکەوە دەبین
هیچ کەسی تر لێرە نەبێ
تەنیا من و تۆ و
خانووەکەش کۆن و
جوانە
ئێمە لە دەست هەموو ئەوانی تر سەفەرمان کرد
ئێستاش دەمانەوێ پێکەوە بین
ئێمە دەمانەوێ
بەتەنیا پێکەوە بین



خۆم و خۆت
بەتەنیا پێکەوە
دەمانەوێ لەگەڵ یەکتری
بحەسێینەوە
ئێستا دەمانەوێ پێکەوە بین
بەتەنیا خۆم و خۆت
خۆم و خۆت
پێکەوە بە تەنیا بین
[پشوو.]
ئەو بەڕاکشانەوە بەلای ئەوی "مێ" دا، خۆی دەخاتە سەرلا و تەماشای دەکا)
**ئەوی "نێر"**: (بەترسەوە)
گوێت لێیە
من گوێم لە کەسێکە لە دەرەوە
لە دەرەوەیە
لەوێیە
لەبەر پەنجەرەکەدایە
**ئەوی "مێ"**: (لەسەرخۆ)
گوێم لە هیچ نییە
تەنیا گوێم لە دڵی تۆیە
لێ دەدا

گوێم لێیە کە ئێستا تۆ دەترسی
**ئەوی "نێر"**: من زۆر جوان گوێم
لە دەنگی پێیە
گوێم لێیە کە کەسێک
لەدەرەوەیە
نەخێر
ئەو نەڕۆیشتووە
ئەو لەدەرەوەیە و بەدەوری ماڵەکەدا دەسووڕێتەوە
هەردووکیان ڕاکشاون و گوێ دەگرن
**ئەوی "مێ"**: (کەمێک بە خۆبەدەستەوەدانەوە)
بەڕاستی کەسێک لە دەرەوەیە
کەواتە نەڕۆیشتووە
بە دەوری خانووەکەدا دەسووڕێتەوە
بەدەوری خانووەکەدا دێ و دەچێ
[پشوو]
ئینجا چییە
ئەو لەدەرەوەیە
یان کە بەدەوری خانووەکەدا دەسووڕێتەوە
هیچ نییە
هیچ
مەترسیی تێدا نییە



بەجەخت لەسەرکردنەوەوە
بە دڵنیاییەوە ئەوە ئەوەندە مەترسیدارنییە
(بەنەرمی)
چونکە ئیستا من و تۆ
بە تەنیا لەگەڵ یەکترین
(بەبێ هیواییەوە)
ئێستا ئێمە پێکەوەین
بەتەنیا
لەگەڵ یەکین
**ئەوی "نێر"**: (بەترسەوە)
بە دەوری خانووەکەدا هەر دێ و دەچێ
گوێم لێیەتی چۆن دێ و دەچێ
بەم زووانە وا لەبەر دەرگا
ئیتر ناڕوا
بەدڵنیاییەوە ئەو هەر دێ
دێت و دێ
ئەو هەر دێ
(ئەوی "نێر" لە ڕاکشانەوە دەچێتە دۆخی دانیشتنەوە لەسەر لایەکی قەنەفەکە. ئەوی "مێ" لەتەنیشتی ئەوی "نێر" ەوە دادەنیشێ. ئەوی "مێ" بە ترسەوە دەڕوانێتە ئەوی "نێر".)
**ئەوی "مێ"**: (بێ هێوایانە)

ئەوهەمیشە

دێ

ئەوهەمیشە دێ

چۆن دەتوانی وا بڵێی

**ئەوی "نێر"**: وتی دەڕۆم

بەڵام نەڕۆی

لێرە مایەوە

ئەو ئیتر هەمیشە هەر دێ

**ئەوی "مێ"**: بەڵام ئەوە نابێ

وتی کە دەڕوا و

وازمان لێ دەهێنێ

تا ئێمە بە تەنیا ڕاوێژێ بکەین

دوایی

دێتەوە

ئێمە دەمانەوەێ ڕاوێژێکی خۆمان بکەین

**ئەوی "نێر"**: بەڵام وا هاتووەتەوە

(وەک بڵێی کەمێک بەغیرەتەوە)

ئینجا دەرگاکە داخراوە

**ئەوی "مێ"**: دڵنیای لەوەی کە کەسێک

لەوێ

لە دەرەوەی خانووەکەیە



(ئەوی "نێر"سەردەلەقێنێ)

**ئەوی "نێر"**: (ئازایانە)

دەتوانم بچمە دەرەوە و سەیرکەم

(هەڵدەستێتە سەرپێ، دەڕواتە ناو مووبەقەکەوە، دووبارە دەگەڕێتەوە، بە خۆبەدەستەوەدانەوە سەیری ئەوی "مێ" دەکا.)

(بە هێواشی)

لەبەر دەمی دەرگاکەدا ڕاوەستاوە

لە پەنجەرەی مووبەقەکەوە

بینیم

**ئەوی "مێ"**: خۆ وتی دەڕۆم

(بە ترسەوە سەیری ئەوی "نێر" دەکا).

تۆ دڵنیای لەوەی کە کەسێک

لەدەرەوەیە

(ئەوی "نێر" سەردەلەقێنی. دەڕوا بۆ لای قەنەفەکە و لە تەنیشت ئەوی "مێ" وە دادەنیشێ و سەیری دەکا).

**ئەوی "نێر"**: (بەگلەیی کردنەوە)

دووبارە هاتووەتەوە

هەر بەگەیشتنمان

(دەم و دەست)

هاوڕێیەکت بۆ خۆت دۆزییەوە

لەوەدا سەرکەوتوبووی کە ئەو بکەیتە هاوڕێی خۆت

من چاک بینیمی

(بێ هیوایانە)

من بینیم چۆن چۆنی

تەماشای چاوەکانیت دەکرد

وات دەزانی کە من

ئاگام لێ نییە

چاوت خستبووە ناو چاویەوە

من گوێم لەوەش بوو

کە لێت پرسی

دوورن لیرەوە

باش گوم لێ بوو

**ئەوی "مێ"**: کوا ئەو

**ئەوی "نێر"**: وتم ئەو

لەدەرەوە لەپێش خانووەکەدایە

**ئەوی "مێ"**: (بەخێرایی)

با هەر لەوێدا ڕاوەستێ

با بۆخۆی

هەر لەوێدا ڕاوەستێ

دەتوانێ هەر لەوێدا ڕاوەستێ

**ئەوی "نێر"**: تۆ داوات لێی کرد کە دووبارە

بێتەوە بۆ لامان

**ئەوی "مێ"**: نا



خۆی وتی

کە دەیەوێ بێتەوە

من هیچم نەوت

خۆی وتی کە دوای

کەمێکی تر

دەیەوێ

بێتەوە

**ئەوی "نێر"**: ئەوا دیسان هاتووەتەوە

(لە دەرگادەدرێ. ئەوی "نێر" هەڵدەسێتە سەرپێ و بە ترسەوە سەیری ئەوی "مێ" دەکا).

(ئەوی "مێ" سەیری ئەوی "نێر" دەکا. بە بێ هیواییەوە

من تاقەتم نییە بیبینم

من دەڕۆم

(ئەوی "نێر" سەیری دەرگای ژووری نووستنەکە دەکا)

من دەچمە ئەو ژوورەوە

(پەنجە بۆ دەرگای ژوورەکە ڕادەکێشێ)

من نامەوێ بیبینم

(ئەوی "نێر" بەچاوی پڕ لەپاڕانەوەوە سەیری ئەوی "مێ" دەکا).

ئەوەی دەرگا دەکاتەوە

دەبێ تۆ بی

**ئەوی "مێ"**: (بەگومانەوە)

لەوە دڵنیای

دڵنیای لەوەی کە دەبێ دەرگاکە بکەینەوە و

منیش دەبێ دەرگا بکەمەوە

(ئەوی "نێر" سەردەلەقێنێ)

**ئەوی "نێر"**: من تاقەتم نییە

تاقەتم نییە خەڵک ببینم

ئێستا تاقەتی هاتنی هیچ

کەسێکم نییە

[پشوویەکی کەم]

بەڵام هەر دەبێ دەرگا بکەینەوە

فەرموو تۆ بیکەرەوە

**ئەوی "مێ"**: (بە پرسیارکردنەوە)

من دەبێ دەرگا بکەمەوە

دووبارە لە دەرگا دەدرێتەوە

**ئەوی "نێر"**: ئەگەر کەسێک بییەوێ دەرگا بکاتەوە

لەبەر ئەوە

دەرگاکە بکەرەوە

من تاقەتم نییە بیکەمەوە

تاقەتی بینینی ئەوم نییە

هەر خۆم دەمزانی کە کەسێک دێ

دووبارە لە دەرگا دەدرێتەوە، ئەم جارە قایمتر

**ئەوی "مێ"**: (بەپرسیارکردنەوە)



هەر دەبێ دەرگا بکەینەوە

(ئەوی "نێر" شان گرژدەکاتەوە. قایمتر لە دەرگاکە دەدرێتەوە. ئەوی "مێ" سەیری ئەوی "نێر" دەکا)

بەڕاستیتە

کە دەبێ دەرگابکەینەوە

هەر دەبێ بیکەینەوە

دووبارە لەدەرگا دەدرێتەوە

**ئەوی "نێر"**: واز لە دەرگالێدان ناهێنێ

بابیکەینەوە

**ئەوی "مێ"**: (بەپرسیارکردنەوە)

من دەبێ دەرگای لێ بکەمەوە

(دووبارە لە دەرگا دەدرێتەوە. ئەوی "مێ" دەچێتە مووبەقەکەوە و دەرگای هۆڵەکە بەکراوەیی لە دوای خۆیەوە بە جێ دەهێڵێ.)

(ئەوی "نێر" دەچێتە ژووری نووستنەکەوە و دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخا. دووبارە دەرگاکە دەکاتەوەو دێتەوە ناو هۆڵەکە. ئەوی "نێر" لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشێ و ڕوو دەکاتە دیوارەکە، دەستەکانی لە پشتی ملی خۆی گیردەکا و ئەژنۆکانی بەدیوارەکەوە دەنێ.)

v

(ئەوی "مێ" لەناو دەرگای مووبەقی سەر ڕاڕەوەکەدا دەوەستێ و دەرگاکە بۆ پیاوەکە ڕادەگرێ کە لەناو دەرگاکەدا ڕا وەستاوە و سەیری ناو مووبەقەکە دەکا)

**پیاوەکە:** بیرم کردەوە کە هەر ئێستا

خانووەکەتان

پێ نیشان دەم

هەندێ شتیشم لەگەڵ خۆم هێناوە.

(پیاوەکە زەرفێکی عەلاگە بەرزدەکاتەوە کە دەنگی بوتڵی شووشەی لێوە دێ.)

دەزانی ئێستا من پارەم هەیە

(پیاوەکە پێ دەکەنێ، بەزەردەخەنەوە)

من هەرگیز لەمەوبەر ئەوەندە پارەدار نەبووم

پێ دەکەنی

بەڵێ من ئێستا بەهۆی تۆوە

پارەم هەیە

(پیاوەکە دێتە ناو مووبەقەکەوە، سەیری ئەوی "مێ" دەکا. دەرگاکە دادەخا.)

(پیاوەکە بە تەنیشتیدا تێ دەپەڕێ و لەسەر کورسییە درێژەکە دادەنیشێ).



[پشوو]

دەزانی

من باش

ئەم خانووە شارەزام

ڕێگەکەشی باش دەزانم

کون و قوژبنی شارەزام

[پشوو.]

(پیاوەکە زەرفە عەلاگەکە دەخاتە سەرمێزەکە. ئەوی "مێ" دەچێ لە بەردەمی پەنجەرەی مووبەقەکەدا ڕادەوەستێ و قورسایی لەشی دەخاتە سەر پێی ڕاستی، بە جۆرێک کە سمتی بەرەو لای ئەو بۆ دواوە دەردەپەڕێ. ئەوی "مێ" لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا. پیاوەکەش سەیری سمتی دەکا.)

دەزانی من زۆر

ئالەم خانووەدا بووم

کە بچووک بووم

زۆربەی جار هەر لێرە

بووم

[پشوو]

دەتوانی پەرداخێکم

بۆ بدۆزیتەوە

(ئەوی "مێ" سەیری دەکا).

**ئەوی "مێ"**:

نازانم

پەرداخ لە کوێدایە

(پیاوەکە پەنجە بۆ دۆڵابێک ڕادەکێشێ کە دەرگاکەی لەسەر لا بەپاڵ پێوەنان بۆ دواوە دەکرێتەوە و لەپشتی ڕیزێ کورسییەوە، بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە.

(ئەوی "مێ" سەیری پیاوەکە دەکا)

چی

**پیاوەکە**: لەو دۆڵابەدا

(پیاوەکە هێشتا هەر پەنجەی بۆ دۆڵابەکە ڕاکێشاوە. ئەوی "مێ" دەچێ دەرگای دۆڵابەکە لەسەر لا بۆ دواوە ڕادەکێشێ و پەرداخ و کوپ و کەرەسەی تری تێدا دەبینێ کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە دۆڵابەکەدا دانراون)

خانووەکەم

بە هەموو شتەکانی ناوێوە فرۆشت

نەمدەزانی

چییان لێ بکەم

بێگومان

نەنکە پیرەکەم

ئەگەر بمایە

ئەوەی

پێ ناخۆش دەبوو



پێ دەکەنێ

بەڵام ئیتر ژیان

ئاوهایە

هەیە شت کۆدەکاتەوە

لەدوایشدا دەمرێ

هەشە شتی خۆی هەیە و

بەڵام شتەکان لەلای

بێ نرخن

ئاوهایە ئیتر

**ئەوی "مێ"**: (بەپرسیارەوە)

پەرداخێک

(پیاوەکە سەردەلەقێنێ)

**پیاوەکە**: یەکێکیش بۆ خۆت

چونکە تۆش

حەزدەکەی

شتێک بخۆیتەوە

تۆش

(ئەوی "مێ" سەربادەدا)

کەواتە تۆ ناتەوێ بخۆیتەوە

(پیاوەکە بوتڵێ بیرە لە عەلاگەکە دەردەهێنێ و لەبەردەمی خۆیدا لەسەر مێزەکە دای دەنێ. بە چاوێکی پڕمەکرەوە سەیری ئەوی "مێ" دەکا.)

هیچ نا خۆیتەوە

(ئەوی "مێ" سەربادەدا. پیاوەکە بوتڵەکە هەڵدەپچڕێ و لەسەر مێزەکە دای دەنێتەوە. ئەوی "مێ" پەرداخێک لە دۆلابەکەدا دەردەهێنێ، لەسەر مێزەکە لە بەردەمی پیاوەکەدا دای دەنێ. ئەوی "مێ" دووبارە دەچێتەوە بەر بەنجەرەکە و سەیری دەرەوە دەکا. پیاوەکە سەیری ئەوی "مێ" دەکا.)

نا خۆیتەوە

(ئەوی "مێ" سەیری دەکا، سەربادەدا. پیاوەکە کەمێک بیرە دەکاتە پەرداخەکەیەوە، بیرەکە کەف دەکا. پیاوەکە سەیری ئەوی "مێ" دەکا).

دانیشە

ناتوانی دانیشی

و کەمێک قسەم لەگەڵ بکەی

(قومێک لە بیرەکەی دەدا، کەفی بیرەکە بە دەم و لێویەوە دەمێنێتەوە، ئەو هەر سەیری ئەوی "مێ" دەکا)

ناخۆیتەوە

ناتەوێ دانیشی

پەرداخەکە لەبەردەمیدا دادەنێ. [پشوو.] (بەتێڕامانەوە)

بەڵێ نەنکم هەموو

بەیانییەک لێرەدا دادەنیشت

هەرگیز ئێرەی

بەجێ نەدەهێشت



مەگەر چۆنها

هەمیشە بە تەنیا بوو

ئێستاش نەما

پشوو

بەڵێ بەڵێ

[پشوو]

(پیاوەکە سەیری سمتی ئەوی "مێ" دەکا. ئەوی "مێ" لە بەر پەنجەرەکەدا (وەستاوە و سەیری دەرەوە دەکا).

نەنکم

سالانێکی زۆر

بەتەنیا بوو

لەم خانووەدا

دەمێکە

باپیرم مردووە

دەبێ نەنکم چەند تەنیا بووبێ

بەلام هەرگیز گلەییی نەدەکرد

نەخێر

دەبێ تەنیا بووبێ

لەبەر ئەوەی ئێرە

ئەوەندە خەڵکی لێ نییە

(پێ دەکەنێ.)

[پشوو]

چیت لە پیاوەکەت کرد

(ئەوی "مێ" سەیری پیاوەکە دەکا)

**ئەوی "مێ":** چیم لە پیاوەکەم کرد

**پیاوەکە:** وەرە دانیشە و

پێکێک بخۆرەوە و

تۆزێک قسەم لەگەڵ بکە

(ئەوی "مێ" دەچێ بەرامبەری لەسەر کورسییەک دادەنیشێ،
پیاوەکە بوتڵە بیرەکە لەبەر دەمی ئەوی "مێ" دا دادەنێ.)

(ئەوی "مێ" سەر بادەدا. پیاوەکە بیر دەکاتەوە). (لەسەرخۆ)

نەنکم ئا

بە سۆزەوە

ئافرەتێکی چاک بوو

لەگەڵ مندا هەمیشە باش بوو

قوومێک لە پەرداخەکەی دەدا

نەنکم ئا

[پشوو] (سەیری ئەوی "مێ" دەکا)

ئێوە خانووەکەتان بەهەرزان کڕی

زۆر بە هەرزان

ئەوەی نەنکم لە ژیاندا خاوەنی بوو

ئەم خانووە بوو



لەگەڵ ئەو شتانەی لە خانووەکەدایە

من خانووەکەم بە میراتی بۆ مایەوە

ئێوە دەبێ زۆر مەمنونی من بن

(پیاوەکە زەردەخەنەدەیگرێ) [پشوو]

یان ئێوە لەوانەیە خانووەکەتان

بە گران کڕیبێ

پاشان کەوتووەتە شوێنێکی زۆر چۆڵەوانییەوە و

پشتگوێش خراوە

لەوانەیە ئێوە پارەیەکی زۆرتان بەم خانووە دابێ

(بەقاقای پێکەنینەوە)

نا تۆ هەرزان خانووەکەت دەست کەوت

زۆر بە هەرزان

دەبێ سوپاسی من بکەی

من هەر ئەوە دەڵێم

تۆ دەبێ سوپاسی من بکەی

(ئەوی "مێ" هەڵدەسێتە سەرپێ)

ناتەوەێ کەمێک لەگەڵ من دابنیشی و

قسەم لەگەڵ بکەی

تەنیا تۆزێ

(ئەوی "مێ" لە تەنیشت مێزی مووبەقەکەوە وەستاوە و بەرەو
خوار لە پیاوەکە دەڕوانێ

ئێستا نا

جارێکی تر

لەوانەیە ئێمە بتوانین لە جێگەیەکی تر بەیەک بگەین

من لەم نزیکانە دەژیم

دەتوانین یەکتری ببینین

یان

(پیاوەکە پێدەکەنێ)

بەهەر شێوەیەک بێ هەر یەکتری دەبینینەوە

ئێرە ئەوەندە خەڵکی تری لێ نییە تۆ

بیانبینی

هەر من دەبینی

ئەگەر حەزت لە سەردان بوو

(قومێک لە پێکەکەی دەدا)

ئەگەر حەزت کرد بێی

یەکسەر وەرە

هەچ کاتیک ویستت دەتوانی

بێیتە ماڵەوە بۆ خانووەکەی من

دەتوانی تەلەفۆنیشم بۆ بکەی

چونکە ئەم خانووە تەلەفۆنی تێدایە

و منیش تەلەفۆنم هەیە

ئەوەتا



(پیاوەکە پارچە کاغەزێک وقەڵەم جافێک لە گیرفانی دەردەهێنێ).

ئەوەتا

ئێستا ئەو ژمارە تەلەفۆنەت دەدەمێ

کە دەتوانی تەلەفۆنی بۆ بکەی

بەس تەلەفۆن بکە

کەی ویستت تەلەفۆن کە

هەر کاتێک بێ

(پیاوەکە پارچە کاغەزەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ، بەسەر مێزەکەدا خۆی دەچەمێنێتەوە و بەتەواوی ژمارە تەلەفۆنەکە دەنووسێ. ئەوی "مێ" لە تەنیشت لاکەی تری مێزی مووبەقەکەوە وەستاوە و سەیری پیاوەکە دەکا. پیاوەکە: سەیری ئەوی "مێ" دەکا و پارچە کاغەزەکە هەڵدەگرێ و بۆئەوی "مێ"ی ڕادەگرێ. ئەوی "مێ" لێی وەردەگرێ. ئەوی "مێ" جزدانێک لەگیرفانی چاکەتەکەی دەردەهێنێ و دەیکاتەوە و پارچەکاغەزەکە دەخاتە ناو جزدانەکەوە. پیاوەکە بە زەردەخەنەوە بۆ ئەوی "مێ" دەڕوانێ و سەری بۆ دەلەقێنێ).

ئا دەبێ هەر تەلەفۆن بکەی

ئێستا ژمارە تەلەفۆنەکەت لەلایە

ئەو شوێنەی ژمارەکەشت تێدا هەڵگرت

ئەمینە

(پیاوەکە بەزەردەخەنەوە لەوی (مێ) دەڕوانێ، پاشان سەیری

سەرمێزەکە دەکا. ئەوی "مێ" دووبارە دەچێتەوە بۆ لای پەنجەرەی مووبوقەکە و لەبەردەمی پەنجەرەکەدا ڕادەوەستێ و دەستەکانی دەخاتە ناو پانجەرەکەوە و خۆی ڕاگیردەکا و سەیری دەرەوە دەکا. پیاوەکە پەرداخەکە بەرزدەکاتەوە و ئەوەی لە پەرداخەکەدایە دەیخواتەوە و پەرداخەکە لەسەر مێزەکە دادەنێتەوە. بوتڵەبیرەکە هەڵدەگرێ و سەرقاپەکەی دەنێتەوە و بوتلەکە دەخاتەوە ناو عەلاگەکە. هەڵدەسێتە سەرپێ)

بەڵێ تۆ بەس تەلەفۆنێ بکە

هەر کاتێک بێ

تەلەفۆنێ بکە

با پێشت بڵێم

کە من ئەوەندە خراپ نیم

(دەچێ بەرەو لای ئەوی "مێ" و جووت بە تەنیشتیەوە ڕادەوەستێ، ئەوی "مێ" بەردەوام وەستاوە و لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێ. ئەوی "مێ" ڕێک لە پەنجەرەکەوە سەیری دەروە دەکا)

[پشوو]

نەخێر من هەر ویستم

سەرێک بدەم

بێگومان ئێوە ئیشتان زۆرە

من لەوانەیە ئەمڕۆ درەنگانێک بێمەوە

یان ڕۆژێکی تر دێمەوە

تۆش دەبێ تەلەفۆن بکەی



ئێستا دەزانی چۆنم دەدۆزیتەوە

بێگومان هەر تەلەفۆن دەکەی

(پیاوەکە بەرەو ئەو دەرگایە دەچێ کە لە مووبەقەکەوە دەچێتەوە سەر ڕاڕەوەکە. ئەوی "مێ" ئاوڕ دەداتەوە و سەیری دەکا. پیاوەکە ئاوڕدەداتەوە و سەیری دەکا)

دەڕۆم

کەمێکم پێ دەچێت و

دیسان دێمەوە

(ئەوی "مێ" سەری بۆ دەلەقێنێ. پیاوەکە دەرگاکە دەکاتەوە و دەڕواتە دەرەوە دەرگاکە لە دوای خۆیەوە دادەخا. ئەوی "مێ" لەبەردەمی پەنجەرەکەدا بەڕاوەستاوانە دەمێنێتەوە و سەیری دەروە دەکا).

## VI

ئەوی "مێ" دەچێتە ناو هۆڵەکەوە. ئەوی "نێر" هەر لەسەر قەنەفە بێ پشتەکە ڕاکشاوە و ڕووی کردووتە دیوارەکە و ئەژنۆکانیشی ناوە بە دیوارەکەوە. ئەوی "مێ" دەچێ لەسەر قەراخی قەنەفە بێ پشتەکە دادەنیشێ. ئەوی "نێر" بێ ئاوڕلێدانەوە هەر خەریکی سەیرکردنی دیوارەکەیە)

[پشوویەکی درێژ]

**ئەوی "مێ":** ئارام

ڕۆی

[پشوو]

(کەمێک قایمتر)

گوێت لێ نییە

دەڵێم ڕۆی

[پشوو]

(لەسەرخۆ)

نوستووی

(ئەوی "مێ" دەست دەخاتە سەر شانەکانی ئەوی "نێر" و ڕای دەوەشێنێ).

ڕۆی

ئێستا ڕۆی



(ئەوی "نێر" سەیری ئەوی "مێ" دەکا، بە مۆڕەوە. بەترسەوە).

ئەوە چیتە

(ئەوی "نێر" دووبارە سەیری دیوارەکە دەکاتەوە).

ئەوە چیتە

ڕۆی

تۆ و من ئێستا

بەتەنیاین

(دووبارە شانەکانی ڕادەوەشێنێ)

شتێ بڵێ

ئەوە چییە

(ئەوی "مێ" خۆی بەسەر ئەوی "نێر" دا دەچەمێنێتەوە و باوەش بە ناوقەدیدا دەکا).

ئەوە چیتە

هاوڕێ ئازیزەکەم

ئەوە چیتە

**ئەوی "نێر":** (بێ ئاوڕدانەوە ڕووەو دیوارەکە قسە دەکا).

دڵت خۆش بوو

ئێستا

دڵت خۆش بوو

**ئەوی "مێ":** (نائومێدانە)

مەبەستت چییە

زۆر دەترسێم

**ئەوی "نێر"**: تۆ چۆنت دەویست رێک ئاوها

هات

[پشوو]

(ئەوی "مێ" دەست لەناوقەدی ئەوی "نێر" بەردەدا و هەڵدەسێتە سەرپێ و دەرواتە ناوە ڕاستی هۆڵەکەوە. ئەوی "نێر" سەیری دەکا. بە تەنزەوە).

تۆ زیرەکی

بەڕاستی زیرەکی

ئاشکرایە ئێرە تابڵێی جێگەیەکی چۆڵ و گۆشەگیرە

تاڕادەیەک ئەوە دەزانم

تێ دەگەم

**ئەوی "مێ"**:

وا مەبە

دەترسم

**ئەوی "نێر"**: تێ دەگەم

زۆر باش دەزانم

**ئەوی "مێ"**: ئەوە چییە

**ئەوی "نێر"**: تۆ هەر دەبووایە

**ئەوی "مێ"**: (کەمێک بە تووڕەییەوە)

چی



**ئەوی "نێر"**: کەی تەلەفۆنی بۆ دەکەی

**ئەوی "مێ"**: من تەلەفۆنی بۆ ناکەم

**ئەوی "نێر"**: کەواتە بۆچی ژمارە تەلەفۆنەکەت

لێ وەرگرت

**ئەوی "مێ"**: دەبووایە لێم وەرگرتایە

ئەی چیم بکردایە

ئەو ژمارەکەی پێ دام

**ئەوی "نێر"**: ئاوا

تۆش بەخۆشحاڵییەوە لێت وەرگرت

باش دەزانم

**ئەوی "مێ"**: مەبەستت چییە

**ئەوی "نێر"**: بۆچی تۆ پارچە کاغەزەکە ت

خستە ناو جزدانەکەتەوە

**ئەوی "مێ"**: شتی وام نەکردووە

**ئەوی "نێر"**: ئێ باشە

**ئەوی "مێ"**: چۆن دەزانی

کە من شتی وام کردووە

**ئەوی "نێر"**: دەزانم

بەدەنگتدا دەزانم

من ئەو شتانە دەزانم

(ئەوی "مێ" دەچێتە دەرەوە بۆ ناو مووبەقەکە، دەرگاکە

بەکراوەیی لەدوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێ).

[پشوو.]

(ئەوی "نێر" هەڵدەستێ و لەسەرقەراغی قەنەفە بێ پشتەکە دادەنیشێ و سەیری ئەرزەکە دەکا. بە ئارامییەوە).

من دڵنیابووم لەوەی کە
کەسێک هەر دەبووایە بێ

(ئەوی "نێر" هەڵدەسێتە سەرپێ و بەرەو پەنجەرەی هۆڵەکە دەچێ، سەیری دەریاکە دەکا).

خوارەوەمان دەریایە
بە هەموو شەپۆلەکانی خۆیەوە
دەریا
سپی و ڕەشە
بە شەپۆلەکانیەوە
قووڵاییەکانی
نەرم و ڕەشن
بەدەم پێکەنینەوە
ئێمە تەنیا دەمانویست
بۆ یەک بین

(ئەوی "نێر" بە دەنگی بەرز پێ دەکەنێ [پشوو] بەرەو مووبەقەکەدەچێ).



## VII

(ئەوی "نێر" لەدەرگای دەروەی خانووەکەوە دەچێتە دەرەوە و بەرەو سووچی لای ڕاستی خانووەکە دەچێ، بەدوای ئەوی "مێ" دا دەگەڕێ، بەرەو سووچی لای چەپی خانووەکە دەچێ و بەدوای ئەوی "مێ" دا دەگەڕێ. ئەوی "نێر" بەبەر دەمی خانووەکەدا پیاسە دەکا).

**ئەوی "نێر"**: نا تەلەفۆنی بۆ ناکا
هەر ئێستا دەگەڕێتەوە
ئەوسا ئێمە بەتەنیا دەبین
هەمیشە بەتەنیا
پێکەوە دەبین
بەتەنیا
بۆ یەک دەبینە پەنا

(ئەوی "نێر" بەرەو کورسییەکەی بەر دەمی ماڵەکە دەچێ و لەسەرکورسییەکە دادەنیشێ. ئانیشکەکانی دەخاتە سەر ئەژنۆکانی و سەری دەخاتە ناو دەستەکانی و سەیری بەردەمی خۆی دەکا).

پێکەوە بەتەنیا
بەتەنیا بۆیەک دەبینە پەنا

(ئەوی "نێر" دەداتە قاقای پێکەنین. [پشوویەکی درێژ]. ئەوی

"مێ" لە سووچی لای چەپی خانووەکەوە دێ، بە چاوێکی نەرمەوە بۆ ئەوی "نێر" دەڕوانێ. ئەوی "نێر" سەیری ئەوی "مێ" دەکا و دەڕوانێتەوە بەردەمی خۆی. ئەوی "مێ" دەچێ جووت بەتەنیشتی ئەوی "نێر"ە وە دادەنشێ و دەستێکی بەرزدەکاتەوە و دەیهێنێ بەڕوومەتی ئەوی "نێر" دا).

[پشوویەکی درێژ]

پەردەدادەدرێتەوە

1992-93

تەواو



ژن و پیاوێک خانوویەکیان لەسەر دەریا کڕیوە و دەخوازن لەوێدا بەتەنیا بۆ خۆشەویستی یەکتر بژین. بەڵام خەوەکەیان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی نائارامیی دەروون لەوەی کە " کەسێک هەر دەبێ کە بێ" و ئەو بەهەشتەیان لێ تێک بدا. کاتێکیش بە ڕاستی ئەوەی ئەوان لێی دەتێرسن ڕوودەدا، بە هۆی هاتنی ئەو کەسەوەی کە خانووەکەی پێ فرۆشتوون، ئیتر پەیوەندییەکەی ئەم دووانە دەبێتە کێشە وشتەکان هەرگیز ناگەڕێنەوە دۆخی جارانی خۆیان.

سوپاس بۆ هاوکاری و ئامۆژگاریی ئەم دوو بەڕێزە
دانا ڕەوف و ئینگەر ئۆستنستاد